وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەلاحەددین / هەولێر

كۆلێژی پەروەردە

بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی

قۆناغی دووەم

# بابەت/ دەروونزانی كۆمەڵایەتی

مامۆستای بابەت

د. لمیاء كمال عبدالله

## بەشی یەکەم

دەروونزانی کۆمەلآیەتی ( علم النفس الاجتماعي )

یەکەم/ چەمکی دەروونزانی کۆلآیەتی

دووەم/ پێناسەی دەروونزانی

سێیەم/ ئاما نجەکانی دەروونزانی

چوارەم/ ئاما نجەکانی دەروونزانی کۆمەلآیەتی

پێنجەم/ دەروونزانی کۆمەلآیەتی ( سەرهەلْدان و بەرەو پێشچوونی )

شەشەم/ بوارەکانی دەروونزانی کۆمەلآیەتی

حەوتەم/ پەیوندی دەروونزانی کۆمەلآیەتی بە زانستەکانی ترەوە

هەشتەم/ گرنگی دەروونزانی کۆمەلآیەتی و پراکتیزەکردنی بەشێوەیەکی کرداری لە بواری جیاوازکانی ژیاندا

نۆییەم/ ڕێگاکانی بە ئە نجام گەیاندنی توێژینەوە لە بواری دەروونزانی کۆمەلآیەییدا

## بەشی دووەم

کارلێکردنی کۆمەلآیەتی ( التفاعل الاجتماعي )

یەکەم/ چەمکی کارلێکردنی کۆمەلآیەتی

دووەم/ پێناسەی کارلێکردنی کۆمەلآیەتی

سێیەم/ ئاما نجی کارلێکردنی کۆمەلآیەتی

چوارەم/ گرنگی کارلێکردنی کۆمەلآیەتی

پێنجەم/ ئاستەکانی کارلێکردنی کۆمەلآیەتی

شەشەم/ تیۆرەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی

بەشی سێیەم

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ( التنشئة الاجتماعية )

یەکەم/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

دووەم/ پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

چوارەم/ دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

پێنجەم/ تیۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

بەشی چوارەم

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ( العلاقات الاجتماعية )

یەکەم/ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

دووەم/ چۆنیەتی دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان گەورەکاندا

سێیەم/ بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان لە نێوان گەورەکان

چوارەم/ ڕۆڵی لێکچوونی لە بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان

پێنجەم/ تێکچوونی پەیوەندییەکان لە نێوان گەورەکان

بەشی پێنجەم

کۆمەڵ، ودینامیکییەتی کۆمەڵ ( الجماعة، وديناميكية الجماعة )

یەکەم/ پێناسەی گۆمەڵ

دووەم/ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ

سێیەم/ جۆرەکانی کۆمەڵ

چوارەم/ گرنگی کۆمەڵ بۆ ( تاك و کۆمەڵ )

پێنجەم/ بەڵگە و پێوانەکردنی یەکگرتووی کۆمەڵ

شەشەم/ هۆکارەکانی نزیك کەوتنەوە دوورکەوتنەوە لەناو کۆمەڵ

حەوتەم/ گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کار دەکەنە سەر سەرپێبوونی (ئینتیمای) تاك بۆ کۆمەڵ

**بەشی شەشەم**

ئاراستە دەروونییەکان ( الاتجاهات النفسیة )

یەکەم/ چەمکی ئاراستە دەروونییەکان

دووەم/ جۆرەکانی ئاراستە دەروونییەکان

سێیەم/ کاری ئاراستە دەروونییەکان

چوارەم/ پێکهاتەکانی ئاراستە دەروونییەکان

پێنجەم/ پێوانەی ئاراستە دەروونییەکان

# بەشی یەکەم

## دەروونزانی کۆمەڵایەتی

### <u>یەکەم/ چەمکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی</u>

چەمیکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە دوو چەمکی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش بریتین لە چەمکی دەروونزانی و چەمکی کۆمەڵنا سی، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت بە شێویەکی وورد و زانستیانە چەمکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بناسێنین، ئەوا پێویست بەوە دەکات کە پێشتر ئەو دوو چەمکە بناسین کە پێکیان هێناوە.

### <u>دووەم/ پێناسەی دەروونزانی:</u>

"لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ و گونجاندنی لەگەڵ ژینگەدا "یان " ئەو زانستایەکە لە ڕفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کە لە ئەنجامی ووروژێنەرەکانەوە دەردەکەوێت و بەدوای پرۆسە مەعریفی و ئەزموونییەکانیدا دەگەڕێت " هەرچی ڕفتاریشە لە سێ لایەنی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش بریتین لە لایەنی عەقلی و هەڵچوونی و جەستەیی ( جووڵە ) بەجۆرێك کە دەروونزانی لە تەوای ئەم سێیەنەی ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی.

### <u>سێیەم/ ئامانجەکانی دەروونزانی :</u>

زانست بریتییە لە کۆمەڵێك هەوڵدان و چالاکی بابەتییانە بە مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هۆکار و دیاردەکان کە بە پێی یاسا و ڕێسای تایبەتی کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت دەروونزانیش وەك هەموو زانستەکانی تر بە کۆمەڵێك چالاکی بابەتییانە بەردەوامە بۆ زانین و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ڕەفتار و زاڵبوون بەسەر ئەو فاکتەرانەی کەلە ڕێچکەی ئاسایی لایدەدات، ئەویش لە ڕێگەی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان ووروژێنەر و هۆکارەکان لەلایەك و دەرئەنجام و وەلامدانەوەکان لەلایەکی تر.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئامانجە گشتییەی سەرەوە نایەتە دی ئەگەر ئامانجە تایبەتیانەی خوارەوە نەیەتە دی کە ئەوانیش بریتین لە :

**یەکەم/ تێگەیشتن (الفهم):**

یەکەم ئامانجی دەروونزانی بریتییە لە تێگەیشتنی دیاردە دەروونییەکان ئەویش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری (چۆن) و (بۆچی) ئەو ڕەفتار و هەڵس و کەوتە دەبێت؟ کەواتە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستە دەروونزان پەنا بۆ هەردوو پرۆسەی وەسفکردن و لێکدانەوە (ڕاڤەکردن) ببات. لە زانستدا بە پرۆسەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن دەگوترێت (گریمان) کە بریتییە لە چارەسەرێکی کاتی و پێشنیازیکراوە وەك هۆکار و بەرپرسێك بۆ ڕوودانی دیاردەکە و دواتر کۆکردنەوەی زانیاری و گەڕان بەدوای و دروستی گریمانەکان و دەست نیشانکردنی ڕاستترین کریمانیان بەمەش سەرچاوە و هۆکاری ڕووداوەکە یان پەیوەندییەکا دەدۆزرێتەوە.

**دووەم/ پێشبینیکردن (التنبؤ):**

ئامانجی دووەمی دەروونزانی بریتییە لە پێشبینی کردنی ڕوودان و دووبارەبوونەوەی دیاردە دەروونییەکان ئەوێش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (کەی؟) (چی؟) لە ڕاستیدا ئەم ئامانجە سەنگی مەحەك و پێوەرە بۆ ڕاستس و دروستی گریمانەکان، واتە ئامانجی یەکەم ئەو گرنگیەی نابێت ئەگەر توانای پێشبینی کردنی نبێت کەواتە پێشبینی کردنی دیاردەکان نرخ و بەهای ئامانجی یەکەم بەهێز دەکات.

**سێیەم/ کۆنترۆڵکردن (الضبط):**

ئامانجی سێیەمی دەروونزانی بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی دیاردە دەروونییەکان و زاڵبوون بە سەریانداو بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی ئەم ئامانجەش ئەزموون و تاقیکردنەوە و پێەرێکی بەهێزترە بۆ تاقیکردنەوە و زانینی ڕاستی و دروستی گریمان و تیۆرە دەروونییەکان کە لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخ و هوکارانە دەکرێت کە لەو بڕوایەدان سەرچاوەی ئەو گرفت و دیاردە دەروونیەن.

هەر لە ڕوانگەی ئەو سێ ئامانجە سەرەکییەی زانستی دەروونزانییەوە دەتوانین ئامانجەکانی ( دەروونزانی کۆمەلأیەتی ) وەکو لقێك لە لقەکانی دەروونزانی دیاری بکەین بەوەی کە ئەمانجی ئەم زانستە خۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی دیاردە ژێنگەییەکان وکاریگەرییان و دروست و گرفتەکانی ژێنگە لەگەڵ دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی دروست بوونی ئەو گرفتانە پاشان دانانی گریمانی زۆر بەهێز بە پشت بەستن بە نیشانکردنی بەهێزترین گریمانە دواتریش هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەریدا ئەویش لە ڕێگەی دانانی چەندین میکانیزمی بەهێز و کاریگەر بۆ چارەسەر کردنیان و ڕیگرتن لە دووبارە بوونەوەیان هەڵبەت کە هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی هەنگاوی زانستی ووردو دەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان لەم بوارەدا دەبێت.

## پێناسەی کۆمەڵناسی:

(ولیام ئەگبرن) پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات بەوەی کە: "بریتییە لە ئەو زانستەی کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەلأیەتی مرۆڤ، و پەیوەست بە چوار فاکتەری (ژیار، و ژینگە، وبۆماوە، وکۆمەڵ"

## پێناسەی دەروونزانی کۆمەلأیەتی:

دەروونزانی کۆمەلأیەتی وەك زۆربەی زانستەکانی تر زۆر پێناسەی بۆ کراوە ئەمەش لەبەرئەوەی هەر زانا و بیرمەندێك لە ڕۆانگەی پاشکۆ زانستییەکەی خۆیەوە پێناسەی کردووە و دەتوانین لێرەدا بەشێك لەو پێناسانە بخەینە ڕوو کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- **ێناسەی کلینبێرگ** "بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تاك لە هەڵوێستە کۆمەلأیەتییە کاندا"
- **پێناسەی کرتش و کرتشفیلد:** "بریتییە لەو لێکۆڵینەوە زانستییەی کە سەرجەم ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا لە خۆی دەگرێت"
- **پێناسەی لامبرت و لامبرت:** "بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەزمونیگەری تاك، لە هەڵوێست و بارۆدۆخەکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا"

- **پێناسەی (شريف وشريف):**"بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە گرنگی بە شارەزایی و ئەزموونی تاکەکان و ڕفتارەکانیان دەدات لە هەڵویست و بارودۆخە کۆمڵایەتییەکانی کاریگەر لە سەر تاك وە هەڵوێست و بارودۆخەکە لە خەڵك پێکدێت جا تاك یان کۆمەڵ یاخود یەکەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بێت"
- **پێناسەی (حامد عبدالسلام زهران):** "ئەو بەشەیە لە دەروونزانی کە بەشێوەیەکی زانستی گرنگی بە ڕەفتاری کۆمەلایەتییەکانی تاك، و ڕێژەی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەدات تا چەند کارلێك دەکەن و لە ڕێگای ئەم کاریگەرییانەوە دەتوانین بڕیار لە سەر کەسایەتی و ڕەفتارەکانیان بدەین واتە دەتوانین بڕیار لە سەر ڕادەی سوودی کەسەکە بۆ کۆمەڵ بدەین".

**ئەگەر سەرنج بدەین ئەو پێناسەنەی سەرەوە دەبینین هەموویان لە چەند چەمکێکدا هاوبەشن کە پێویست بەشیکردنەوەیان دەکات ئەوانیش:**

- لێکۆڵینەوەی زانستی:(ئەو لێکۆڵینەوەیە کە ڕێکخراوە وپشت بە یەکێك لە میتۆدە زانستییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی وەك (ڕێگای ئەزموونی ،ڕێگای وەسفی، وئەوانی تر) دەبەستێت لەگەڵ بەکارهێنانی ئامراز و کە کەرەستەی وورد و دروست بۆ ئە مەبەستە).
- ڕەفتار: ( بریتییە لە هەر گۆرانکاری و چالاکییەك کە مرۆڤ لە بارودۆخە جیاجیاکاندا پێی هەڵدەستێت ( جا ئەو چالاکییە عەقڵی یان جووڵەی یان کۆمەڵایەتی یان هەڵچوونی ) بێت کە لە دەرئە نجامی وەڵامدانەوەی بۆ ووروژێنەرەکان لە هەڵوێست و بارودۆخە جیا جیاکاندا دەردەکەوێت).
- هەڵوێست و بارودۆخی کۆمەڵایەتی: ( بریتییە لە کۆمەڵێك بارودوخ و ووروژێنە کۆمەڵایەتی کە دەوری مرۆڤیان داوە و کاریگەریان لە سەری دەبێت ).
- ووروژێنەر یاخود ئاگادارکەرەوە: (بریتییە لە هەموو گۆڕانکارییەکی دەرەکی یان ناوەکی کە هەنی چالاکییەکانی مرۆڤ دەدات یاخود ڕایدەگرێت بە شێوەیەکی بەشی یان گشتی وە شیچوەیەکی ئەرێی یان نەرێی).

- **پەیوەندی کۆمەڵایەتی: ( سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە ).**
- **کارلێکردنی کۆمەڵایەتی : ( بریتییە لە پرۆسەی کارلێککردنی دوو لایەنە لە نێوان دوو لایەنی وەك ( دوو سیستەم، دوو کەس، دوو کۆمەڵە ) یاخود زیاتر بەجۆرێك کە هەردوو لایەنێکیان کاریگەری لە سەر ڕەفتاری لایەنەکەی تری دەبێت و بە پێچەوانەشەوە ).**

**چوارەم/ ئامانجەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی:**

**هەر لە ڕوانگەی ئەو سێ ئامانجە سەرەکییەی زانستی دەروونزانییەوە دەتوانین ئامانجەکانی ( دەروونزانی کۆمەڵایەتی ) وەکو لقێك لە لقەکانی دەروونزانی دیاری بکەین بەوەی کە ئامانجی ئەم زانستە خۆی دەبینێتەوە لە :**

**١- تێگەیشتن لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاڤەکردنیان و زانینی هۆکارەکانی ڕوودانیان و ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەری هەیە.**

**٢- پێشبینی کردن بەوەی کە چی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی لەوانەیە ئانجام بدرێت لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا ئەمەش بە پشت بەستن بەو زانیاریانهی لەو بوارەدا لەبەر دەستدان.**

**٣- کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕاستکردنەوە و چاککردنی بەو جۆرەی کە دەویستریچت وەك ( زانینی باشترین ڕێگە و شێواز بۆ پێگەیاندنی منداڵ و گرتنی هاوڕێ و کاریگەردانان لەسەر ئەوانی تر، وکونترۆڵکردنی توڕەیی ).**

**پێنجەم/ دەروونزانی کۆمەڵایەتی ( سەرهەڵدان و بەرەو پێشچوونی ):**

*** دەروونزانی کۆمەڵایەتی وەك زانستەکانی تر لە چوارچێوە و باوەشی فەلسەفەوە سەریهەڵداوە و پەیدابووە، و بەشیکی جیانەکراوە بووە لە فەلسەفە تا ئەم دواییانە کە لە بنەڕەتدا بۆ مێژووی فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە پاشان وورده وورده بەرەو سەربە خۆبوون ڕۆێشت و پرۆگرام و بابەتی تایبەت بە خۆی بۆ دانرا و دواتریش شێوازی و ڕێگاکانی توێژینەوەی دیاریکراتا ئەو ڕادەیەی بوو بە زانستێکی سەربەخۆ و چومك و بابەتی تایبەت**

بەخۆی وەرگرت هەر بەو شێوە زانستییەی کە ئێستا وەکو لقێك لە لقەکانی دەروونزانی تەماشا دەکرێت و لە چەندین بەشی زانستی وەکو بابەتێکیسەرەکی دەخوێندرێت.

* هەندێك لە توێژەران یەکەم سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بۆ بیروڕای ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانە دەگەڕێننەوە کە هەڵیان داوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕاڤە بکەن کە ئەوانیش بیروڕای جیاوازیان دەربارەی سروشتی مرۆڤ هەبووە، بە شێوەیەك کە بۆ سێ کۆمەڵکەی جیاواز دابەش دەبن:

- کۆمەڵەی یەکەم پێیان وایە کە سەرچاوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ سروشت و ڕەمەکە.

- بەڵام کۆمەڵەی دووەم پێیان وایە کە سەرچاوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ کۆمەڵگایە.

- هەرچی کۆمەڵەی سێیەمە پێیان وایە سەرچاوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ کاریگەری هەردوو لایەنی (ڕەمەك و کۆمەڵگا)ی لەسەر دەبێت و ناتوانرێت بۆ یەکێك لەو سەرچاوانەی بگێڕدریتوە بە تەنها .هەروەك جیاواز بوون لەسەر ئەوەی کە ئایا سروشتی مرۆڤ خێرە یاخود شەڕ.

*(ئەفلاتۆن) دامەزرانێنەری زۆربەی بابەتە و لایەکانی دوروونزانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بە جۆرێك (ئەفلاتۆن) تەماشای مرۆڤی دەکر وەکو بەرهەمێکی نموونە کۆمەڵایەتییەکان و باوەڕی وابوو کە دەتوانرێت سروشتی مرۆڤ بگونجێندرێت بەهەر ئارستەیەك لە ئارستەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی گونجاو و دروستی دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەروەك (ئەفلاتۆن) بە ڕوون و ئاشکرایی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (کۆماری ئەفلاتۆن) ئاماژەی بەو بنەما و سیستەمانە کردووە کە ولاتێکی بەرز و بالای لەسەر بونیاد دەنرێت و تێیدا ڕاڤەی ڕەفتاری مرۆڤ دەکات بەوەی کە بەرهەمی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە هەروەها (ئەفلاتۆن) پێی وایە مرۆڤ کاتێك کە لە دایك دەبێت هەڵگری کۆمەڵێك توانایە بۆ فێربوونی ئەو ڕەفتارانەی کە کۆمەڵگا ڕاهێنانی پێدەکات لەسەریان بەمەش ڕەفتاری تاك لە ڕوانگەی (ئەفلاتۆن)ەوە لەسەر گۆمەڵگا دەوەستێت.

*بەلام (ئەرستۆ) ڕەفتاری مرۆڤ ڕاڤە لەسەر بنەمای زیندەگی بۆ ماوەیی (ڕەمەکی) بۆیە دەبێنێت کە مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێك ڕەمەکدا لە دایك دەبێت کە کۆنترۆڵی مرۆڤەکە دەکات بەو پێیەش لە توانادا نییە کە ڕەفتاری مرۆڤ و کۆمەڵگاش بگۆردێت وە ئەو بەڵگەیەی پاڵپیشتی تیۆرە ڕووکوشییوکەی دەکرد بریتی بوو لەو لێکچونەی خەڵك لە شارەکانی یۆنانی کۆندا کە شێواز و چەشنی ژیانیانی یەکخستبوو هەروها (ئەرستۆ) ئاماژە بەو مەرجانە دەکات کە پێویستە لە وتاربێژ و قسەکەردا هەبێت و چۆن سەرنجی گوێگران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و کاریگەری لە سەر ئاڕاستە و مەیل و ئارەزووەکانیان دەبێت لەگەڵ ئەوانەشدا ئاماژەی بە هاوڕێیەتی کردوە وەکو ئەرکێکی پێویست لە ژیاندا.

*(مۆنتیسکۆ) راڤەی جیاوازی نێوان رەفتارە کۆمەڵایەتییکانی تاکی لەسەر بنەمای کەش و هەوا (مەناخ) کرد. بە جۆرێك کە کەش و هەوای گەرم کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی تەمبەڵی و خاوو خلیچکی و لەش داهێزران. لە کاتێکدا کەش و هەوای سارد یارمەتی مرۆڤ دەدات لە کارو چالاکیدا و زیاتر گورج و گۆلتری دەکات، و بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی لە شوێنە گەرمەکاندا دەژین.

*(تۆماس هۆبز) (١٥٨٨-١٦٧٩) ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو بوونەوەریکی خۆپەرست و قازانج ویستە و هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندییە زۆر تایبەتییەکانی خودی خۆیدا تێدەکۆشێت . هەروەك ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤەکانی تر، و هەموان لە جەنگدایـن دژی یەك ، بۆیە هەر کەسە لە هەوڵی ئەوەدایە خێر و بێری ئەم دەوییە بۆ خۆی قۆرخ بکات بە زەبر و هێز، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەوا پەنا بۆ فرت و فێڵ دەبات بەو مەبەستە خۆپەرستییانەی بگات. بۆیە پێویستە لەلایەن کۆمەڵگاوە چاودێری ئەو هێزە تاکییە خۆپەرستانە بکرێت و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، تاخەڵك بتوانن لە ئاشتی خوشیدا بژین. بۆیە (هۆبز) پاڵنەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤ بۆ ئەوە کورت دەکاتەوە کە بریتییە لە گەڕان بەدوای بە دەست هێنانی چێژوو و خۆشی، و دوورکەوتنەوە و خۆڕزگارکردن لە ئازار و ناخۆشی.

*(جان جاك رۆسۆ) تیڕوانینێكی تەواو جیاوازی هەیە بەرامبەر سروشتی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەوەی كە (هۆبز) هەییوو، بە جۆرێك كە تەماشای مرۆڤ دەكات بەوەی كەسێكی پاك و بێتاوانە و هیچ تۆ و خەسڵەتێكی شەڕی تێدا دەرناكەوێت، تەنها ئەو كاتەنە نەبێت كە دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەو كۆمەڵگایەوە كە تێیدا دەژی.

*(ئەسقەف بركلی) (١٦٨٥-١٧٥٣) ئاماژە بەوە دەكات كە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە، بەڵام خۆپەرستی تاك هەڕەشەیەكی گەورەیە بۆ سەر كۆبوونەوەی تاكەكان، و لە سوودەكانی ئەو كۆبوونەوانە كەم دەكاتەوە، بە جۆرێك چەقی هێزی دوورحەرەوە لە كۆمەڵدا، لە كاتێكدا خۆشەویستی كۆمەڵ وەكو هێزی ڕاكێشەرە بۆ ناو كۆمەڵ. لێرەشدا دەبینین كە (بركلی) هەردوو چەمكی هێزی دەركەر (القوة الطاردة) و هێزی ڕاكێشەر ( قوة الجذب) كە چەمكی فیزیایی و سروشتی بۆ ڕوونكردنەوەی بیر و ڕاكانی سوودی لێیان وەرگرتووە، وەكو بەڵگەیەك بۆ پەیوەست بوونی مرۆڤ بە سروشتەوە.

*(ئەرمیا بنتام) (١٧٤٨-١٨٤٢) ئاماژە بە ڕەفتاری كۆمەڵایەتی دەكات بەوەی كە تاكەكان مەبەستیان لەو ڕەفتارە كۆمەڵایەتییانەیان داواكردنی چێژو دووركەوتنەوەیە لە ئازارا، هەروەك پێوەرەكانی پێوانی چێژ لای ئەو بریتییە لەو لایەنە كۆمەڵایەتییەی كە خۆی لە ترس لەوانی تردا دەبێنیتەوە،ئەو ترسەی كە تاكەكان لێیان دەنیشێت لە كاتی ئەنجامدانی، و ئەو سزایانەش كە تاوانبار وەری دەگرێت، كە هەموو ئەوانە دژی بنەمای چێژن، ئەمەش وا لە تاك دەكات كە پابەند بە یاسا گشتییەكانی كۆمەڵگا، و پێی وا دەبێت كە سوودبەخشە بۆ زۆرینەی خەڵكی.

*فەیلەسوفی سكۆتلەندی (هیوم) (١٧١١-١٧٧٦) و ناسراو بە باوكی دەروونزانی كۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەكات كە هاوسۆزی لە نێوان خەڵكدا هێزی یەكەمی پرۆسە كۆمەڵایەتییەكانە.

*هەریەك لە (سانت ئۆگستین) و (چۆن لۆك) (١٦٣٢-١٧٠٤)، و بنسام (١٧٤٨-١٨٣٢)، و چەند فەیلەسوفێكیتری كۆمەڵایەتی كە گرنگیان بە گرفتەكانی تاك و كۆمەڵداوە، پێیان وایە گرنگیدان بە مافەكانی تاك بەبێ ڕەچاوكردنی مافەكانی تاك كۆمەڵ بەرەو زۆرداری و

دیکتاتۆرییەت دەڕوات، بەلام هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی تاك و کۆمەڵ دیموکراسیەت بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

*(تارد) ئاماژە بە یاساکانی لاسایکردنەوە و چاولێکردنی کۆمەلأیەتی دەکات بۆ لێکدانەوەی پەیوندییە کۆمەلأیەتی و ڕەفتارە کۆمەلأتییەی کە تێیدا گەشە دەکات بەرەو تاوانباری پالی دەنێت هەروەك هەستا بە شیکردنەوەیەکی زانستی ڕەفتاری کۆمەلأیەتی، بەجۆرێك بە نەخۆشی و ڤایرۆس وەسفی دەکات، کە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگوازرێتەوە.

*(جوستاف لۆبۆن) (١٨٤١-١٩٣١) بەرهەمی زۆری هەیە لە بوارێك لە بوارەکانی دەروونزانی کۆمەلأیەتی: کە ئەویش بواری ڕەفتاری کۆمەڵییە (السلوك الجمعی) بۆیە ئاماژەی بەوە دەکات گرنگترین ئەو هێزەی کە یارمەتی لە یەکچوون و گونجاوی کۆمەڵەکان دەدات بریتییە لە لاسایکردنەوە و خۆشی ڕابواردن پێکەوە لە گەڵ بەشداریکردن لەگەڵ یەکتریدا بە سۆزەوە.

*(شارلز داروین) لە سالی (١٨٥٩) گرنگیەکی زۆری دا بە گەشەکردنی ڕەوشتی کۆمەلأیەتی، و جەخت لەسەر ململانێی کۆمەلأیەتی نێوان کۆمەڵەکان دەکاتەوە لە پێناو مانەوەدا.

*(هێربەرت سبنسەر) دەری خست کە هەندێك گەل و هۆز بەهێزترن لەوانی تر، ئەمەش پاساوی ئەوەی پێدەدات کە داگیری بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. و بێگومان کاتێك (مارکس) ئاماژەی بە ململانێی کۆمەلأیەتی و چینایەتی کرد کاریگەر بوو بەو تێورەی (هربرت سبنس).

*بیروڕا و تیۆرەکانی (فرۆید) کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لەسەر دەروونزانی کۆمەلاییەتی بە تایبەتی ئەوانەی تایبەت بوون بە پێگەیاندنی کۆمەلأیەتییەوە.

*لە ناوەڕاستی قەڕنی حەڤدەدا زانای فەرەنسی (ئۆگست کۆنت) بابەتێکی نووسی کە تێیدا ئەوەی دەرخست مرۆڤ بنەرەت و بنچینەیە لە کۆمەڵگەدا، و هەر ئەویش دەرئەنجامێتی، هەروەك مرۆڤ دەتوانێت کۆمەڵگاکەی دروست بکات، و لەهەمان کاتیشدا خۆی تێدا دروست بکات.

*بەمەش دەروونزانی کۆمەڵایەتی هەنگاوێکی فراوانی نا لە نێوان فەلسەفە و زانست و بەرەو زانست چوون. وە (لازۆروس) (١٨٢٥-١٩٠٣) و (هیرمان ستینپاڵ) (١٨٢٣-١٨٩٩) بە یەکەم دامەزرێنەرانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دادەنرێن، کە ئەم زانستەیان بۆ دوو بوار دابەش کرد، یەکەمیان لەو فاکتەرانە دەکۆڵێتەوە کە ڕاڤەی ڕەفتاری کۆمەڵەکان دەکات بە گشتی، بەڵام دووەمیان ڕاڤەی ڕەفتاری هەر یەك لەو کۆمەڵانە بە جیاواز دەکات.

*هەروەها نووسەرە فەڕەنسییەکان کە لە کۆتایی قەرنی نۆزدەدا دەرکەوتن لە نووسینەکانیاندا جەختیان لەسەر ڕوونکردنەوەی کاریگەری کۆمەڵ لەسەر تاك هەروەها کاریگەری تاکەکان لەسەر یەك کردەوە. و ئاماژەیان بە کاریگەری ڕاستەوخۆی (ئیحاء) لە ڕەفتاری کۆمەڵەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. لێرەشدا (برەید) گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە (ئیحاء) و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری تاك و کۆمەڵەکان دەدات.

*وە دەروونزانی کۆمەڵاییەتی بە شێوەیەکی ئەزموونگەری لە ساڵی (١٨٩٨) لە ڕێگەی (نورمان تیبلیت) ەوە دەستی پێکرد، ئەمەش لە دوای کە زانا (ولیم فونت) (١٨٣٢-١٩٢١) یەکەم تاقیگەی ئەزموونگەری بۆ دەوونزانی لە ساڵی (١٨٧٩) دامەزراند.

*بەڵام (ئەمیل دورکهایم) (١٩١٧) دروست بوونی عەقڵی کۆمەڵایەتی، و وێنە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی تیلقائیانە دەبێت، و هیچ بەشدارییەکی تاکی تێدا نابێت. هەروەك گرنگیدا بە لێکۆڵینەوە لە بیر باوەڕە ئاینییەکان، و ئاینی بە ویژدانی کۆمەڵگای مرۆیی دانا.

* پاشان دەروونزانی کۆمەڵایەتی زیاتر ئاڕاستەی زانستی وەرگرت، ئەویش دوایئەوەی لە ساڵی (١٩٠٨) هەریەك لە (ئیدوارد رۆس) لە ئەمریکا، و (مەکگدۆگڵ) لە بەریتانیا، یەکەم پەرتووکیان لە بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتیدا بڵاوکردەوە کە تێدا توانیان کارامەیی پەیوەندی لە نێوان دەروونزانی و کۆمەڵزانیدا دروست بکەن. وە لە ساڵی (١٩٢٠) (مەکگدۆگڵ) دووەم پەرتووکی خۆی لە بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتیدا بە ناونیشانی (عەقڵی کۆمەڵی) دا بڵاوکردەوە.

*وه له پاش پێشکەوتنی جوڵانەوەکانی پێوانەکردن، له ساڵی (١٩٦٥)لەسەر دەستی ( کلاینبێرگ و کریسنی ) یەکەم تاقیگەی تایبەت بە دەروونزانی کۆمەڵایەتی دامەزرێنرا، به مەبەستی لێکوڵینەوە لە کۆمەڵ، و دینامیکییەتی،وچارەسەری دەروونی و کۆمەڵایەتی له بوارەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی،سایکۆلۆژیاری کۆمەڵەکان، و سەرکردە، و ئاراستەکان، ودەمارکیری، و پرۆپاکەندە، ورای گشتی ، و سەرجەم بابەته سەرەکییەکانی تری ئەو بوارە. ئەمەش بووە هۆی بەرەوپێش چوونی دەروونزانی مۆلایەتی بەرەو بواری تاقیگەیی وورد، و بوون بە زانستێکی سەربەخۆ.

*هەروەك لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە، ئەو هەڵانەی لە کۆتاییەکانی قەرنی بیستدا دران، کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لە سەر بەرەوپێش چوونی دەروونزانی کۆمەڵایەتی، وگرنگیدان بە گرفتەکانی ژیانی رۆژانە زۆر زیادی کرد، بەمەش دەروونزانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك بابەتی زۆر جیاوازی لە خۆی گرت لەوانەش (بەها کۆمەڵایەتییەکان، و ئاراستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، و کۆمەل ، و کارلێکی کۆمەڵایەتی، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و دەمارگیری و جیاکاری، و جەنگی دەروونزانی، و پرەپاگەندە، و راگەیاندن، و رای گشتی، و هەڵبژاردن، و سەرکردایەتیکردن، و چەندین بابەتی گرنگتر). بەمەش دەروونزانی کۆمەڵایەتی بوو بە زانستێکی سەربەخۆ، و هەوڵیدا بە شێوەیەکی دوور لە بۆ چوونە فەلسەفییەکان لێکۆڵینەوە لە رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

*لەم بارەیەشەوە (مۆرفی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستی مرۆڤ بە دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا زیاتر دەبێت، لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری کۆمەڵگا، و بەکارهێنانی رێگا و شێوازی زانستی لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا لەسەر رەفتارەکانی تاك و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەکو دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەدا کە تاوەکو ئیستا بە دەست هاتووە، کە توانیویانە زۆر لایەنی تاریك و نادیار و شاراوەی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بدۆزێنەوە، و دەرئەنجامی زۆر کاریگەریشیان لێبکەوێتەوە.

**<u>شەشەم/ بوارەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی:</u>**

دەروونزانی کۆمەلأیەتی بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بەم لایەنەی خوارەوە دەدات:

١- پەیوەندی تاك لە گەڵ تاکدا لە بواری کێبڕکێ یاخود هاوکاری یان گفتوگۆ یان هێنان یان هەر بوارێکی تر بێت.

٢- گرنگی تاك بە کۆمەڵەکەیەوە وەك گوێگرتن لە وانەیەك یان پەیوندی تاکەکانی کۆمەڵەیەك بە سەرکردەکەیان یاخود بە پێچەوانەوە.

٣- پەیوەندی نێوان کۆمەڵەو کۆمەڵەکانی تر هەروەکو ئەوەی لە لێکۆلێنەوە دەروونیەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ململانێ و تابایی نێوان گەل ونەتەوەکاندا دەبیندرێت.

## حەوتەم/ پەیوندی دەروونزانی کۆمەلأیەتی بە زانستەکانی ترەوە:

دەروونزانی کۆمەلأیەتی هەر بە ناوەکەیدا دیارە کە بریتییە لەو زانستەی لە دوو بوار دەکۆلێتەوە ئەانیش (دەروونزانی) لە لایەك، و(کۆمەڵناسی) لە لایەکی تر. واتە ناوەڕۆکی زانستی بابەتەکانی دەروونزانی کۆمەلأیەتی لەو دوو زانستەوە وەرگیراون.

لەگەڵ ئەوەی هەکوو زانستەکانی تر بە جۆرێك لە جۆرەکانی زانیاری لە دەروونزانی کۆمەلأیەتی وەردەگرن، و لە هەمان کاتیشدا پێی دەبەخشن، بەلأم هەردوو زانستی دەروونزانی و کۆمەلأیەتی و کۆمەڵناسی بە پێکهاتەی سەرەکی ئەم زانستە دەژمێردرێن.

* **پەیوەندی دەروونزانی گشتی بە دەروونزانی کۆمەلأیەتییەوە:**

ئاشکرایە کە دەرونزانی گشتی لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکرلێتەوە بەبێ گرنگییەکی زۆر بە کاریگەریەکانی ژینگەی دەرەکی بدات، ولە کاریگەرییەکانی ژینگە بکۆلێتەوە وەك گۆڕاوێك بۆ شیکردنەوەی ڕەفتارکان.

واتە دەروونزانی گشتی گرنگی بە دۆزینەوەی ئەو یاسا دەروونیانە دەدات کە گەشەی کۆمەلأیەتی کاریگەری تێدا ناکات وەك (بیرهاتنەوە، فێربوون، درك کردن، ئەانی تر)، واتە لە رەفتاری مرۆڤ وەك تاکێك دەکۆلێتەوە. بەلأم دەروونزانی کۆمەلأیەتی لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆلێتەوە وەك تاکێك لە ناو کۆمەڵ، و کاریگەری ئەو گۆمەڵەش لەسەری.

بەمەش دەبینین کە دەروونزانی گشتی بە شێوەیەکی ڕووت و دابڕاو تەماشای تاك دەکات، لە کاتێکدا دەروونزانی کۆمەلأیەتی چارەسەری ڕەفتاری تاکەکان دەکات لە ڕوانگەی وورووژێنەر و کارتێکەرە کۆمەلأیەتییەکانەوە.

*** پەیوەندی دەروونزانی گەشە بە دەروونزانی کۆمەلأیەتییەوە:**

ئامانجی دەروونزانی گەشە بریتییە لە لێکوڵینەوە لە گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی ڕەفتارکانی تاك بە درێژایی ماوە جیاوازەکانی تەمەن، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە، بۆ هەرزەکاری، و پاشان پێگەیشتن و کامڵبوون، تا دەگاتە پیربوون و دوا ساتەکانی ژیان. بەمەش ڕەفتارەکانی تاك لەم قۆناغە یەك لە دوای یەکانەدا کاریگەر دەبێت بە گەشەی ئەندامی ئەو شارەزاییانەی کە تاکەکە پێی پێدەپەڕێت. بۆیە دەروونزانی گەشە یارمەتی دایکان و باوکان و پسپۆان و توێژەران و سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەدات کە بەشداری لە پێگەیاندنی تاکدا دەکەن، و بە شدارن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلأیەتیدا تام تایبەتمەندی و نیشانەکانی کۆمەلأتیبوون وەردەگیرێت، بەمەش هاوکارێکی گەورەی دەروونزانی کۆمەلأیەتی دەبێت.

*** پەیوەندی کۆمەڵناسی بە دەروونزانی کۆمەلأیەتییەوە:**

کۆمەڵ ناسی گرنگی بە ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگە، و بنەما کۆمەلأیەتییەکان، و ڕەفتاری کۆمەڵە دەدات بەلأم گرنگی بە ڕەفتاری تاك لە ناو کۆمەڵ نادات واتا کۆمەڵناسی گرنگی بە پێکهاتەی کۆمەڵ و شێوازی ڕێکخستنی دەدات.

بەلأم دەروونزانی کۆمەلأیەتی گرنگی بە تاك، و کاریگەری و کارلێکردنی لە گەڵ کۆمەڵگا، و هۆکاری دەروونی کاریگەر لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵ دەدات.

*** پەیوەندی زانستی مرۆڤ (مرۆڤناسی) بە دەروونزانی کۆمەلأیەتییەوە:**

زانستی مرۆڤ (مرۆڤناسی) گرنگی بە توخمە زیندەییەکان و توخمە کۆمەلأیەتییەکان دەدات، چونکە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەلأیەتی لە کۆمەڵگەدا دەژێت، و

لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ تایبە تمەندی خۆی هەیە، کە توانای قسە کردن و بەکارهێنانی هێما، و بەستنی پەیوەندی هەیە. بەم توانایانەش دەتوانێت شارەزاییەکان و بیروباوەڕ و کەلتوور و زانیاریەکانی بۆ نەوەکانی تر بگوازێتەوە. بۆیە ئەگەر سەرەنج بدەینە زانستی مرۆڤی کۆمەلایەتی دەبینین ئەم زانستە گرنگی بە لێکۆلینەوەی ڕۆشنبیر و کەلتووره جیاجیاکان دەدات. بەلام دەروونزانی کۆمەلاتی گرنگی بە چۆنیەتی وەرگرتنی تاك بۆ ئەو ڕۆشنبیری و کەلتووره لە کۆمەلگەدا دەدات، و هەورەوەها گرنگی بە لێکۆلینەوە لەو ڕێگایانە دەدات کە ڕۆشنبیری و کەلتور و دابونەریتەکانی پێی دەگوازرێتەوە.

*** پەیوەندی تەندروستی دەروونی بە دەروونزانی کۆمەلایەتییەوە:**

چەمکی تەندروستی دەروونی پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بە توانای تاك بۆ گونجاندنی لەگەڵ خۆی و ئەو دەور و بەر و بارۆدۆخە ماددی و کۆمەلایەتییەی کە تێیدا دەژی . لێرەوە پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو زانستەدا دروست دەبێت، بەو پێیەی کە توانای تاك بۆ خۆکونجاندن کە بە خاڵی بنەڕەتی تەندروستی دادەنرێت بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتییە دەوەستێت کە تاکەکەی تێدا دەژێت.

*لەگەڵ ئەوانەی کەباسیان لێوەکرا دەروونزانی کۆمەلایەتی پەیوەندی لەگەڵ هەر یەك لە زانستە ڕامیاری و یاساییەکاندا هەیە، ولە هەمان کاتیشدا پەیوەندی لە گەڵ فەلسەفە دا بەردەوام و نە پچراوە.

**<u>هەشتەم/ گرنگی دەروونزانی کۆمەلایەتی و پراکتیزەکردنی بەشێوەیەکی کرداری لە بواری جیاوازکانی ژیاندا:</u>**

دەروونزانی کۆمەلاچیەتی گرنگییەکی زۆری هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، وە لە هەر شوێنیك پەیوەندی لە نێوان تاك و کۆمەڵدا هەبێت و پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵەکان دا هەبێت، ئەوا دەروونزانی کۆمەلاچیەتی ڕۆڵی خۆی تیچدا دەگێریچت وە دەتوانین للێین لە زۆر بوار دەتواندرێت سوود لە دەروونزانی کۆمەلایەتی وەربگیردێت ئەوانیش:

***گرنگی دەروونزانی کۆمەلایەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن:**

پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتییە، و یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی ژیان، و پەروەردە تاك ئامادە دەکات بۆ گونجان لە گەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە چوار دەورەی مرۆڤدا ڕوودادەت، ئەویش لە ڕێگەی سەرجەم دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە دەبێت بە تایبەتیش قوتابخانە کە بە یەکێك لە پێکهاتە کۆمەلایەتییەکان دەژمێردرێت و هەر یەك لە (فێرخواز، وماموستا، وبەڕێوەبەر) تێیدا بەشدارن.

بۆیە دەتوانین بڵێین لە خستنە ڕووی چەمکی پەروەردە و قوتابخانە کاریگەری دەروونزانی کۆمەلایەتی لە سەر پەروەردە زۆر ئاشکرایە، کە خۆیان لەم خوارەوەدا دەبینینەوە:

١- درووست بوونی ئاڕاستەیەکی ئەرێنی لە لایەن قەتابییەوە.
٢- بەرجەستە بوونی گەشەی کۆمەلایەتی بۆ قەتابی.
٣- گرنگی و کاریگەری بەها کۆمەلایەتییەکان و دابونەریتەکتن لە سەر گەشەی کۆمەلایەتی.
٤- کارلێکردنی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا لە ناو قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکانی تردا.
٥- ئاڕاستەکردنی ڕێنمایی پەروەردەیی بۆ فێرخوازان.
٦- ڕۆڵی کۆمەڵ لە شیکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتییەکاندا.
٧- دروست بوونی پەیوەندی قوتابخانە لەگەڵ کۆمەڵگا.
٨- بەشداریکردنی مامۆستا دەك فاکتەرێکی کاریگەر لە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەلایەتیدا.

***گرنگی دەروونزانی کۆمەلایەتی لە بواری تەندرووستی دەرونی و چارەسەرکردنی دەروونیدا:**

زۆر نەخۆشی دەروونی هەن کە هۆکارەکانیان کۆمەلایەتین، واتە لە دەرئەنجامی مامەڵەکردنی تاك لەگەڵ دەوروبورەکەیدا سەر هەڵدەدات، بۆیە پێویستە لەم کاتانەدا بگەڕێینەوە بۆ دەروونزانی کۆمەلایەتی بە مەبەستی شیکردنەوەی شڵەژان و تێکچوون و نەخۆشییە دەروونییەکانی وەك (دڵەراوکێ، وشکست، ودەمارگیری، و شەرانگێزی). وە دەتوانین هۆکاری ئەو نەخۆشیانەش بۆ چەند فاکتەرێکی کۆمەلایەتی بگەڕێنینەوە لەگەڵ

دانانی ڕیگا چارەی گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان. لە نموونەی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییانەش کە سەرچاوەی هەندێك لە تێکچوون و نەخۆشییە دەروونییەکانن وەکو:

١- هەژاری.
٢- بارودۆخی خراپ و بوارەکانی کارکردندا.
٣- شکست هێنان لە بەدەست هێنانی پێداویستییە سەرەکییەکاندا.
٤- لاوازبوون و دابەزینی ئاستی بەها ڕەوشییەکان ( ئەخلاقییەکان ).
٥- کپکردن( چەباندن ).
٦- سزادانی جەستەیی و دوروونی.
٧- بەکارهێنانی شێواز و ریگا چەوت و نەشیاو لە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا.
٨- ململانێ لە نێوان بەها کۆن و نوێییەکاندا ( ململانێیی نەوەکان ).
٩- نەگونجان و هەڵنەکردن لە گەڵ کۆمەڵگا، ولێکترازان و تێکچوونی شیرازەی خێزان، و چەندین فاکتەری تر.

## *گرنگی دەروونزانی کۆمەلایەتی لە بواری ڕاگەیاند و پەیوەندییە گشتییەکاندا:

هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن بە جۆرەکانی (بیستراو، بینراو، خوێندراو) ەوە، پیویستی بە ئامرازێکی ڕاگەیاندن هەیە بۆ کۆمەڵەکان بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لە سەر ڕای گشتی دروست بکات، لەوانەش: ( ڕۆژنامە، وتەلەفزیۆن، و ڕادیۆ، وئەوانی تر). کە لە ئامانجەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە :

١- پێدان و گەیاندنی زانیاری بە تاکەکان، یاخود ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانیان.
٢- گۆڕینی ئاڕاستەی تاکەکان، و هەڵدان بۆ دروستکردنی ئاڕاستەی نویٚ.
٣- بڕواهێنان و ڕازی بوون بە بیری نوێیەکان، و دەرخستنی گرنگی ئەو بیرانە.

بەمەش لە ئانجامی خستنەڕووی ڕۆڵی راگەیاندن، دەتوانین بڵێن زۆر بابەتی کۆمەلایەتی هەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ ڕاگەیاندا هەیە وەك:

١- چۆنییەتی دروست بوونی بەها و ئاراستەکان.

٢- ڕای گشتی.

٣- پەیوەندی لە نێوان تاك و کۆمەڵ.

٤- وورەبەرزی، وسەرکردایەتی، چۆنییەتی شیکردنەوەی.

***گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە بواری پیشەسازی، وکار، ودەزگاکانی بەرهەمهێناندا:**

لە گرنگترین سوودەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە بواری پیشەسازی و کاردا ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئاسانکاریکردن بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری کارمەندەکان، وئاراستەکردنیان بەرەو ئەما نجامدانی کاری باشتر.

٢- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان کارمەندەکاندا.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان خاوەن کار کارمەندەکاندا.

٤- چارەسەرکردنی کێشەیکانی کارمەندان بە شێوازێکی زانستی.

٥- زیادکردنی بەرهەم.

٦- درك کردن بەو فاکتەرانەی کە کاریگەری پۆزەتیڤیان لە سەر وورەبەرزی کارمەندلن دەبێت.

***گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:**

مەبەست لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەو شێوازە زانستییەیە کە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە کاردەهێندرێن، و دانانی هەنگاوی گونجاو بە مەبەستی چارەسەرکردنیان لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی یارمەتی تاك و کۆمەڵ و دەزگاکان دەدات بۆ ئەوەی کارەکانیان بە باشترین شێوە بەڕێوە بەرن، وە ئەوەی کە ئەم هاوکاریکردنی پێشکەش دەکات بریتییە لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لەم بابەتانەی خوارەوە:

١- کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.

٤- گەشەی کۆمەڵایەتی.

***گرنگی دەروونزانی کۆمەڵاتی لە بواری ڕامیاریدا:**

بۆ ڕوونکردنەوە و سوود وەرگرتنی لایەنی ڕامیاری لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەتوانین بڵێین کە ڕامیاری لە سەر کۆمەڵە کەسێك دەوەستێت کە بڕوایان بە ئاما نجاکانی ئەو پارتە هەبێت، ولە هەمان کاتدا هەوڵی ئەوە دەدەن تا ئەو ئامانجانەی پارتەکەیان بەدەست بهێنین، ئەویش لە ڕێگەی یەکگرتوویی ئەندامەکانی، وبڕوا بە خۆبوونیان، و هەروەها بڕوابوون بە ڕاستی و دروستی پەیامەکەیان. وە دەروونزانی کۆمەڵایەتیش ئەو زانستە شیاوەیە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵ بکۆڵێتەوە، لە ڕووی پێکهاتە و ئاراستە و ڕێژەی یەکگرتووییان. بە واتایەکی تر دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە بناغەیەکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ کاری سیاسی کە گرنگی بە سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ دەدات.

**<u>نۆییەم/ ڕێگاکانی بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوە لە بواری دەروونزانی کۆمەڵایەییدا:</u>**

دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەو پێیەی کە لقێکە لە لقەکانی دەروونزانی بۆیە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەشی جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی کە لە بواری دەروونزانیدا بە گشتی بە کاردەهێندرێت. لێرەشدا زۆر بە کورتی ئاماژە بە دیارترین و گرنگترین ئەو رشێگایانە دەکەین کە دەروونزانی کۆمەڵایەتی بۆ لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکەی خۆیدا پیشتیان پێدەبەستێت، و ناچینە ناو ناوەرشۆکی ئەو ڕێگەیانەوە، ئەمەش ڕێگایانەش بریتین لە:

***ڕێگای ئەزموونی (تاقیگەیی)(المنهج التجريبي)**

ئەویش بریتییە لەو ڕێگایەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی کە توێژەر تێیدا ئامانجی دۆزینەوە و دیاریکردنی بوون یان نەبوونی کاریگەری گۆڕاوێك یان زیاتر لە گۆڕاوە سەربەخۆکان (المتغيرات المستقله) لە سەر گۆڕاوە پاشکۆکان (المتغيرات التابعه) واتە

دۆزینەوەی پەیوەندی هۆکاری ( هۆکارو دەرئە نجام ). لێکۆڵینەوەکەش لە کاریگەری گۆڕاوەکان لە ژێر ڕێژەیەکی زۆر لە کۆنترۆڵکردن و چاودێریکر دەبێت. ئەم ڕێگایە هەمیشە بە تایبەتمەندییەکانی بابەتی و ووردی و بێلایەنی و دوورکەوتنەوە لە خودێتی و داشکاندن بە لایەك و حاڵەتی مەزاجی توێژەر بناسرێتەوە، هەروەها لە توانای توێژەردا هەیە کە بە سەر دیاردەکاندا زاڵ ببێت و کۆنترۆڵی زۆربەی ئەو هۆکارە دەرەکی و نامۆیانە بکات کە بەشێوەیەکی نیگەتیڤ کار دەکەنە سەر دەرئە نجامی توێژینەوەکە و لە ڕێچکەی خۆی لای دەدەن. ئەماش وایان کردووە کە بە سەرکەوتووترین ڕێگا بۆ توێژینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری دابنرێت. نموونەش لەسەر توێژینەوە بەم ڕێگایە.

***ڕێگای لە ئەزموونی ( تاقیگەیی ) چوو( المنهج الشبه التجريبي ):**

ئەم ڕێگایە کاتێك بەکاردەهێندرێت کە یەکێك یان زیاتر لەو مەرجە بنەڕەتییانەی لە ڕێگەی ئەزموونگەریدا هەن کەم بێت، بۆ نموونە لەوانەیە دیاریکردن لە شێوەکی ڕەمەکییانە نەبێت لە نموونەی توێژینەوەکەدا، یان لەوانەیە نەتوانرێت چارەسەری گۆڕاوە سەربەخۆکە بکرێت بەو شێوەیەی کە پێویستە بکرێت، وە یان کەم و کورتی لە هەر لایەنێکی تری ئەزموونگەری، بۆیە ئەم ڕێگەیە زۆر سوودبەخش نابێت سەلماندنی پەیوەندییە هۆکارییەکان ( العلاقات السببيه )، هەروەها تەواو کۆنترۆڵ ناکرێت وەکو ڕێگەی ئەزموونی، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سوودبەخش دەبێت لەو هەڵوێستانەی کە گۆڕاون و ناتوانرێت بە تەواوی یەکسانی لە بارودۆخەکاندا دروست بکرێت. ئەم حاڵەتانەش لە بواری دەروونزانی ژینگەییدا زۆر دەبیندرێت، هەر ئەمەش وایکردووە زۆر بەفراوانی بەکار بهێندرێت بۆ توێژینەوە لەم بوارەدا بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تردا.

***ڕێگای پەیوەندی ( المنهج الارتباطي ):**

بریتییە لەو ڕێگایەی کە پێویت بە دانان و چارەسەرکردنی گۆڕاوەکان ناگات، و توێژەر دەست ناخاتە ناو نموونەکانەوە، و دابەشیان ناکات بۆ گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، بەو جۆرەی کە لە ڕێگەکانی پێشووتردا دەکرێت. بەڵکو لێردەدا ئامانج بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نیوان دوو گۆڕار یان زیاتر، بەمەبەستی زانینی جۆری ئەو

پەیوەندییە کە پەیوەندییەکی ( پۆزەتیڤە ) یا (نێگەتیڤە)، یان هێچ پەیوەندییە لە نێوانیاندا.

## بەشی دووەم

### یەکەم/ چەمکی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی

- کارلێککردنی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە جۆرەکانی وروژێنەر و وەڵام دانەوە هەروەها یەکێکە لەو چالاکیانەی کە وروژاندنی پێداویستیەکان دەکات لە لای مرۆڤ، لەم پێداویستیانەش وەك ( پێویستی بۆ ئینتیمائی، پێویستی بۆ خۆشەویستی، پێویستی بۆ ریزگرتن وە سەرکەوتن ) .
- بریتیە لە هەڵسوکەوتێکی بینراو ( ظاهر ) لەبەر ئەوەی کە دەربڕینێکی زارەکی جوولەیی لە گەڵ دایە.
- بریتیە لە هەڵسوکەوتێکی ناوەکی ( باطن ) لەبەر ئەوەی کردارە ژیرییە سەرەکییەکان دەگریتەوە وەك ( بیر کردنەوە و بەبیر هاتنەوە و درکپێکردن و خەیاڵکردن و وە هەموو پرۆسە دەروونییەکانی تر ).
- کارلێکردن ووشەیەکی خوازراوە لە زانستە سروشتییەکان کە بە مانای کار لێکردنی دوو پێکهاتە یان زیاتر دێت کە هەر یەکێکیان پێکهاتە و تایبە تمەندی جیاوازی هەیە، وە لە دەرئە نجامی کارلێکردنی راستەوخۆ و کاریگەرییە ئاڵوگۆرکراوەکان ، لە نێوان پێکهاتەکاندا دەرئە نجامی کارلێکردنەکە بە دەست دەکەوێت کە ئەویش ئاوێتەیەکە لەتایبە تمەندی و سیفەتی نوێ کە جیایە لە پێکهاتە کارلێکردووەکان.
- کارلێکردنی کۆمەلایەتی جیاوازە لە کارلێکردنی سروشتی بەوەی کە چەمکەکان و پێوەرەکان و ئاما نجەکان دەگرێتەوە.

### دووەم/ پێناسەی کارلێکردنی کۆمەلایەتی

١- بریتیە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆر لە نێوان دوو کەس یان زیاتر کە هەڵس و کەوتی یەکێکیان بەند دەبێت بە هەڵسوکەوتی ئەوەی تر یان ئەوانی تر.

٢- بریتییە لە کۆمەڵێك بە هۆشهێنەری کۆمەڵایەتی کارلێککردوو کە ژینگەی کۆمەڵایەتی پێشکەشی دەکات بۆ تاکەکانی، کە ئەم بەهۆشهێنەرانەش دەبنە هۆی وروژاندنی وەڵامدانەوەی کۆمەڵایەتی لە لایەن تاکەکان.

سێیەم/ ئامانجی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی

١- کارلێکردنی کۆمەڵایەتی گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵ ئاسان دەکات، وە هەروەها هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو ڕێگایانە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان.
٢- کارلێکردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی فێربوونی تاك و کۆمەڵ بۆ هەڵس و کەوتە جۆراو جۆرەکان، هەروەها کاردەکاتە سەر ئەو ئاراستانەی کە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان تاك و کۆمەڵ لە ناو کۆمەڵگادا لە چوار چێوەی داب و نەریت و ڕۆشنبیری ناسراو لە کۆمەڵگادا.
٣- یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندی خود و کەسانی تر بە شێوەیەکی بەردەوام.
٤- کارلێکردن یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی تاك بەدەستهێنانی خودی خۆی بکات وە هەست بە دڵ تەنگی کەمدەکاتەوە.
٥- کارلێکردنی کۆمەڵایەتی یارمەتی دەدات بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان وە چاندنی خەسڵەتە هاوبەشەکان لە ناخیاندا.

چوارەم/ گرنگی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی

١- کۆرپەکانی مرۆڤ خەسلەتە مرۆڤایەتیەکان وەردەگرن.
٢- فێربوونی تاك بە زمان و کەلتووری و بەها و خورەوشتی کۆمەڵگا.
٣- کارلێکردنی کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە بۆ گەشەی منداڵ.
٤- کارلێکردنی کۆمەڵایەتی ڕێگا دەدات بۆ دروست بوونی کەسایەتی تاکەکان کە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کەسە زیرەکەکان و لێهاتووەکان و پلاندانەرەکان و یان دەبێتە هۆی دروست بوونی کەسایەتی دوورە پەرێز و شەرانگێز ... هتد.
٥- تاك تواناى دەربرین و دەستپێشخەری و گفتوگۆ وەردەگرێت.
٦- کارلێکردنی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکی درووست بوونی کۆمەڵگەیە.

٧- دەبێتە هۆی پەیدابوونی جیاکاری لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگا بە دەرکەوتنی سەرکردەکان و وە بە پێچەوانەوەش.

٨- کارلێکردنی کۆمەلأیەتی یارمەتی دەدات بۆ دەست نیشان کردنی رۆلە کۆمەلأیەتییەکان و بەرپرسیاریەتی کە بۆ هەموو مرۆڤ دەبێت ئاشکرا بێت.

٩- لە دەرئە نجامی کارلێکردنە کۆمەلأیەتییی سیٚ جۆری جیاواز لە پەیوەندییە کۆمەلأیەتییکان درووست دەبن:

- ئاڵوگۆری پۆزەتیف ( پەیوەندی لە یەك نزیکبوونەوە – تجاذب )
- ئاڵوگۆری نێگەتیڤ ( پەیوەندی لە یەك دوور کەوتنەوە – تنافر )
- پەیوەندییە تێکەلأوەکان ( کۆکردنەوە نێوان پۆزەتیف و نێگەتڤ )

## پێنجەم/ ئاستەکانی کارلێکردنی کۆمەلأیەتی

١- کارلێکردن لە نێوان تاکەکان

ئەم جۆرە کارلێکردنە لە هەموو جۆرەکانی تر باوترە هەر وەکو کارلێکردنی نێوان باوك و کور، پیاو و هاوسەرەکەی... هتد.

٢- کارلێکردن لە نێوان کۆمەڵەکان

ئەم کارلێکردنەی کە لە نێوان بەرێوەبەر و فەرمانبەرەکانی، مامۆستاو قوتابیەکانی، سەرۆك و لایەنگرانی... هتد.

٣- کارلێکردن لە نێوان تاکەکان و کەلتوور

مەبەستمان لە کەلتوور لەم حاڵەتدا داب و نەریت و چۆنیەتی بیرکردنەوەو کردارەکان و پەیوەندییە ژینگەییە باوەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەگرێتەوە. کارلێکی نێوان تاك و کەلتوور سەرچاوە دەگرێت لە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگا کە کەلتوور لیکچووە تا رادەیەکی زۆر لە هەڵسوکەوتە پێشبینی کراوەکان کە لە کۆمەڵگەدا باون.

## شەشەم/ بیرودۆزەكانی كارلێكردنی كۆمەلأیەتی

١- **بیرودۆزی رەفتاری**

رەفتارییەكان كرداری كارلێكردنی كۆمەلأیی لە نێوان تاك و كۆمەڵ دەگەرێنەوە بۆ تیۆری ووروژاندن و وەلأمدانەوە تەعزیز، رەفتارییەكان رایان وایە كە بوونەوەری كۆمەلأیەتی لە كارلێكردندا نیگەتیڤ نییە بەڵكو توانای ولأمدانەوەیان هەیە بۆ ووروژینەرەكان و بەهۆشهێنەرەكان ( المنبهات ) كە وەری دەگرن لە رێگای پێگەیاندنی كۆمەلأیەتی ئەویش لەسەر كارلێكردن و كەسایەتی بنیات نراوە لە لای تاك و كۆمەڵ.

هەروەها جەخت دەكەن كە كارلێكردنی كۆمەلأیتی دەست پێناكات و بەردەوام نابێت تا ئەو كاتەی بەشدار بووەكانی جۆرێك لە پاداشت وەردەگرن لە رێگای تێركردنی پێداویستییەكانی هەردوو لای كارلێكردوو.

٢- **بیرودۆزی لێكچوون و هاوسەنگی راگرتن ( تیۆری نیوكێمب )**

ئەم تێۆرە وا تاماشای كارلێكردنی كۆمەلأیەتی دەكات كە ئامێرێكە یان سستمێكە هەموو بەشەكانی بەیەكتریەوە بەستراون وە هەر بەشێكیان پەیوەندی لەگەڵ بەشەكانی تر هەیە.

وە بە گۆێرەی ئەم بنەمایەش تاكەكان ئەوانەی كە كارلێكردن لە نێوانیان روودەدات رەفتارەكانیان دەگۆرن وەك دەرئە نجامێك بۆ ئەم كارلێكردنە وە رەفتاری تاك دەگۆرێت كاتێك كە رەفتاری بەرامبەركەی دەگۆرێت.

بەم شێوەش نیوكێمب بۆی دەركەوت كە هاورێیەتی و دۆستایەتی و بە هێز دەبێت لە نێوان ئەو كەسانەی كە بەسەر هاتوو ئاراستەو بیرو بۆچوونی وەك یەكیان هەیە بەرامبەر بە شتەكان یان كەسەكان كە هەمان گرنگی هاوبەشیان هەیە.

٣- **بیرودۆزی سامبسۆن**

مرۆڤ حوكمی خۆی دەگۆرێت لە هەڵوێستە نا جێگیرەكان ئەوەی دڵەراوكێی لە گەڵە زیاتر لەو هەڵوێساتنەی كە جێگیرن، وە تاكەكان بە شێوەیەكی گشتی مەیلی حوكمی ئەو كەسانەیان دەبێت كە خۆشیان دەوێن یان لە گەڵیان راهتوون وە بە پێچەوانەی

حوكمی ئەو کەسانەی کە خۆشیان ناوێن.

تاقیکردنەوەی سامبسۆن سەلماندویەتی کە پەیوەندییە جیگیرەکان ( بالأنسەکان ) لە چوار چێوەی کارلێکردنی کۆمەلأیەتی دەردەکەوێت لە ئە نجامی :

- یەکێك لە لایەنەکان وا دەزانێت کە لایەنەکەی تر ( کە خۆشی دەوێت ) هەمان سۆزو بیر و رای هەیە وە عورف و نەریتی نزیك لەو هەیە.

- یەکێك لە لایەنەکان وا دەزانێت کە لایەنەکەی تر ( کە رقی لێیەتی ) هەمان سۆزو بیر و رای نییە و داب نەریتی نزیك لەو نییە.

بەلأم پەیوەندییە ناجێگیرەکان بە پێی دەرئە نجامی ئەو تاقیکردنەوانەی کە سامبسۆن کردویەتی کە ئەمانەن :

- یەکێك لە لایەنەکان وا دەزانێت کە لایەنەکەی تر ( کە خۆشی دەوێت ) هەمان بیر و رای نییە.

- یەکێك لە لایەنەکان وا دەزانێت کە لایەنەکەی تر ( کە رقی لێیەتی ) هەمان بیرو رای هەیە.

وە لە هەردوو حاڵەتیشدا گرنگی بیر و را کاریکەریەکی زۆری هەیە لە سەر یەکرتوویی و بە هێزی و پەیوەندییە تازە پێگەیشتووەکان دەربارەی ئەو هەڵوێستانەی کە گرنگ و ترسناکن وەکو هەڵوێستی ئەخلاقی و ئایینی و سیاسی بە پێچەوانەی ئەو هەڵویستانەی کە زۆر گرنگ نین وەکو خواردن و خواردنەوە.

٤- بیرودۆزی بێلز

( بێلز ) هەوڵی دا لێکۆلینەوەی قۆناغەکان و جۆرەکانی کارلێکردنی کۆمەلأیەتی بکات وە دیاری بکات لە هەڵوێستە کۆمەلأیەتییە پراکتیکیەکان.

( بێلز ) پێناسەی کارلێکردنی کۆمەلأیەتی بەم شێوەیە دەست نیشان کرد :- بریتییە لە هەڵس و کەوتی دیاری تاکەکان لە هەڵوێستێکی دیاری کراو وە لە چوار چێوەی کۆمەڵە بچوکوکان ( الجماعات الصغيره ).

بێلز لێکۆلینەوەکەی کورت کردەوە لەسەر تێبینیکردنی هەڵس و کەوتی دەرەکی بۆ

کارلێیەکەر، وە تێبینی پرۆسەی کارلێکردنی کرد وەکو ئەوەی تەنها پەیوەندی کردنێک بێت لە فەرمان و ووشەو کردارو هێماو... هتد لە نێوان تاکەکان لە هەموو زەمانێکدا.

بێلز قۆناغەکانی کارلێکردنی کۆمەلایەتی دابەش کرد بە پێی ئەم ریزبەندییە خوارەوە:

- ناسینەوە
- هەلسەنگاندن
- کۆنترۆلکردن
- بریاردان
- کۆنترۆلکردنی تەوتر
- تەواوکاری

هەروەها بێلز جۆرەکانی کارلێکردنی کۆمەلایەتی بەم شێوەیە دابەش کرد:

- کارلێکردنی کۆمەلایەتی بێلایەن ( پرسیار )
- کارلێکردنی کۆمەلایەتی بێلایەن ( وەلام )
- کارلێکردنی کۆمەلایەتی هەلچونی ( نێگێتیڤانە )
- کارلێکردنی کۆمەلایەتی هەلچونی ( پۆزەتیڤانە )

٥-بیرودۆزی فلیدمان

ئەم تیۆرە پشت بە دوو خەسلەتی سەرەکی دەبەستێت کە ئەوانیش :- بەردەوامی و یەکگرتنی رەفتاری لە نێوان ئەندامانی کۆمەل و کۆمەلەکانی تر، لە رێگەی توێژینەوەیک کە فلیدمان ئە نجامی دا لەسەر شەش کۆمەلە وە ئەو ئە نجامانەی خوارەوە هەبوو:

کارلێکردنی کۆمەلایەتی بیرۆکەیەکی هەمەچەشنە سێ رەهەند لە خۆیەوە دەگرێت:-

- تەواوکاری فەرمانی ( التكامل الوظيفي )
- تەواوکاری کارلێکردنی ( التكامل التفاعلي )
- تەواوکاری پێوەری ( التكامل المعياري )

## بەشی سێیەم

## پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية)

### یەکەم/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

پرۆسەی پێگەیاندنی گۆمەڵایەتی یەکێکە لە فاکتەرە سەرکییەکانی دیاریکردن و پێکهێنان و دروستکردنی ڕەفتاری تاك بە هەمان شێوەی ئەو کاریگەرییانەی کە بۆ ماوە لەسەر تاك هەیەتی. لەم بارەیەوە (ئەنستانزی) دەڵێت: "پێکهاتەی دەروونی تاك بەهۆی کاریگەری ڕەگەز یاخود پێکهاتەی جەستەییەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی کاریگەری ئەو کۆمەڵگە و ژیارەوە دروست دەبێت کە تێد دروست دەبێت، و دابونەریت و کەلتوور و بەها و ئاراستەکانیان لێوە وەردەگرێت"

### دووەم/ پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەك سەرجەم چەمکەکانی تری بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتی، چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە کە لە گرنگترین ئەو پێناسانەش:

- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: پرۆسەیەکی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییە، کە لە ڕێگەیەوە تاك کەسایەتیکۆمەڵایەتی خۆی دروست دەکات، و ئەم کەسایەتیەش ڕەنگدانەوەی کەلتووری خۆی دەبێت.
- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی مرۆڤ، لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.
- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: بریتییە لەو کرداری فێربوون و فێرکردن و پەروەردەکردنەی کە لە سەر کارلێك کردنی کۆمەڵایەتی دەوەستێت، و ئامانجی ئەوە کە تاك، جا تاکە (منداڵ، یان هەرزەکار، یان پێگەیشتوو، یاخود پیر) بێت، پێوەر و ئاراستە و بەها و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان وەربگرێت، وئەم پێوەرانەش وا لە تاکەکە بکەن کە بە پێی کۆمەڵەکەی خۆی بڕوات، ولەگەڵیاندا بگونجێت، و مۆرکێکی کۆمەڵایەتی تەواوی پێوە دیاربێت.

**<u>سێیەم/ بنەماکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:</u>**

سێ بنەمای سەرەکی هەن بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-وەرگرتنی کەلتوور.

٢- لێك هەڵکێشانی کەلتوور.

٣-گونجان لە گەڵ ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان.

وە ناکرێت ئەم سێ بنەمایە لێك جیا بکرێنەوە، هەروەك ناشکرێت ئەگەر کەسەکە ئەم کەلتورە وەرنە گرێت بەزۆر لەگەڵ کەسایەتییەکەیدا لێکبدرێت. ئەوەی شایەنی باسیشە وەرگرتنی کەلتوور یەکەم هەنگاوی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە ئێمەش کە باسی کەلتوور دەکەین بە تەنها باسی لایەنە فیکرییەکەی ناکەین، بەڵکو باسی شێوازی بیرکردنەوە و بەهای کۆمەڵ دەکەین. واتە وەرگرتنی کەلتوور مانای فێربوونی شێوازی جیاوازە لە هەستکردن و درك کردن، بۆ نموونو ( ئەو حاڵەتانەی کە وا لە کوردێك دەکات تورەبێت و هەڵبچێت، ئەوا هەمان حاڵەت وا لەکەسێکی ئەمریکی ناکات تورە بێت وەهەڵبچێت). واتە مرۆڤ لە رێگای کەلتوورەوە هەست و هەڵچوونە جیاجیاکان فێردەبێت.

**<u>چوارەم/ تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:</u>**

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێك خاسڵەت و تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، کە لە دیارترین و گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە ئەمانەی خوارەوەن:

١- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی رێژەییە: واتە پرۆسەیەکی گۆڕاوە و دەگۆڕێت بە جیاوازی کات و شوێن و چینە کۆمەڵایەتییەکانی یەك کۆمەڵگە.
٢- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی دینامیکییە: واتە پرۆسەیەکی جوڵاوەی گۆڕاوی بەردەوامە، و هەمیشە لە کارلێك کردن و گۆڕاندایە، بەمەش پرۆسەیەکی

پێدان و وەرگرتنە، بە جۆرێك كە تاك ئەو ڕۆشنبیری و كەلتووره وەردەگرێت كە تێیدا دەژێت، و پاشان دەیگوازێتەوە بۆ ئەوانی تر ( نەوەیەكی تری دوای خۆی ).

٣- پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی پرۆسەیەكی كۆمەڵییە : بەو واتایەی كە تاكییە و تایبەتە بە تاك، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵایەتییە و تەواو نابێت و ئەنجام نادرێت تەنها لە ناو كۆمەڵ و چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتیدا نەبێت.

٤- پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی پرۆسەیەكی بەردەوامە : واتە پرۆسەیەكە پێویستی بە بەشداریكردنی بەردەوامی تاك هەیە لە ناوەندە كۆمەڵایەتییەكاندا، بەمەش لە گۆڕانكاری بەردەوامدا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ چواردەورەكەی خۆیدا هەڵبكات و بگونجێت.

٥- پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی پرۆسەیەكی گواستنەوەی كۆمەڵایەتییە : واتە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە منداڵ كە پشت بەوانی تر دەبەستێت و بوونەوەرێكی خۆپەرستە و تەنها ئامانجی تێركردنی پێاویستییە فسیۆلۆژییەكانی خۆیەتی، دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی و گەشەكردوو و كە درك بە بەرپرسیارییەتی كۆمەڵایەتی دەكات، ولە مانای سەربەخۆی و تاكەیەتی دەگات.

٦- پرۆسەیەكی ئاڵۆزە: واتە پرۆسەیەكی فرەلایەن و پەرت و بڵاوە و ژمارەیەكی زۆر لە ئەركی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێت و ئامراز و شێوازی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانی لە خۆی دەگرێت.

٧- زۆری و جیاوازی دامەزراوە و شێوازەكانی: واتە ئەو شوێنانەی كە تێیدا ئەنجام دەدرێت جۆراوجۆرە، لەوانەیە (خێزان، بنەماڵە، دەوڵەت، باخچەی ساویان، قوتابخانە، پەیمانگا، مزگەوت، دەزگاكانی ڕاگەیاندن، یانە جۆربەجۆرەكانی ڕۆشنبیری وەرزشی و كۆمەڵایەتی ) بێت.

<u>پێنجەم/ دامەزراوەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی :</u>

پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی وەك هەموو پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی تر، چەندین هۆكار كاریگەری لە سەری دەبێت كە لە دیاریین و گرنگترین ئەو هۆكارانەش ئەمانەی خوارەوەن :

*** خێزان:**

خێزان بریتییە لە یەکەیەکی بەرهەمهێنانی بایۆلۆژی کە لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرێتی لەلایەن دوو کەسەوە ئەنجام دەدرێت، و بەدوای خۆیدا منداڵ بەهەم دەهێنێت، و بەمەش خێزان دەبێت بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی.

هەروها خێزان کار دەکاتە سەر گەشەی دروست و نادروستی دەروونی منداڵ، و هەروەها کار دەکاتە سەر گەشەی چیری و هەڵچوونی و کومەڵایەتی، هەروەك خێزان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندن و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی.

وە هەر خێزانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە ڕێگەیەوە بەها و ئاڕاستە و دابونەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ منداڵەکانیان دەگوێزنەوە، ئەم پێوەرانەش لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بە جۆرێك لەوانەیە بە شێوەیەکی زۆر توند پێوەی پابەندبێت، و لەوانەشە بە شێوەیەکی لاواز پێوەی پابەند بێت.

***قوتابخانە:**

قوتابخانە بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمی، کە بە ئەرکی پەروەردە و فێرکردن و گواستنەوەی ڕۆشنبیرییە پێشکەوتووەکان هەڵدەستێت، لەگەڵ دابینکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەی جەستەیی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی.

هەر بۆیە بە چوونە قوتابخانە، تاك لە چوارچێوە و کارلێك کردنە سادە و ساکارەکەی خێزانەوە بەرەو پەیوەندی و کارلێك کردنی فراوانتر و گەورەتر دەڕوات، بەهۆی مامەڵەکردنییەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتر لە کەسەکان لە مامۆستا و فێرخوازەکانی هاوڕێی. بەمەش قەتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی فەرمی بەشدارییەکی کارای دەبێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، و تەواوکەری خێزان دەبێت لەو بوارەدا.

## * ڕۆشنبیری:

مەبەست لە ڕۆشنبیری کۆی ئەوشتانەیە کە تاك فێریادن دەبێت لە ڕووی هزری و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە. هەر بۆیە کاتێك منداڵ دەچێتە قوتابخانە، قۆناغێکی زۆری لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بڕیوە کە لەڕێگای خێزان یاخود باخچەی ساوایانەوە وەری گرتووە. بەمەش قوتابخانە بازنەی ئەم پێگەیشتنە گەورەتر و فراوانتر دەکات، چونکە منداڵ لە قوتابخانە ووڕ لە بەها کۆمەڵایتییەکان بە شێوەیەکی ڕێك و دروست فێردەبێت و ئاشنا دەبێت بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی، وەك ئەرك و ماف و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکان و هاوکاری. هەروەها منداڵلە قوتابخانە دەکەوێتە ژێر کاریگەری مامۆستا و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. بەمەش ڕۆشنبیری فاکتەرێکی کاریگەر دەبێت لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، وتەواوکەری فاکتەرەکانی دەبێت.

## * کاریگەری هاوڕێ:

هاوڕێکاریگەرییەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا و گەشەی کۆمەڵایەتی تاکدا، چونکە هاوڕێ کاریگەری لەسەر بەهاە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، و یارمەتی تاك دەدەن هەندێ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بگێرێت کە لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵە ناتوانێت ئە نجامی بدات. وە ڕێژەی کاریگەری هاوڕێ لو سەر تاك پەیوەستە بە ڕادەی دڵسۆزی و ملکەچی تاکەکە بۆ هاوڕێکانی، و تاچەند پێوە و بەها و ئاڕاستەکانی ئەوانی قەبووڵە. بەمەش هاوڕێ وەکو فاکتەرێکی کاریگەر لە بواری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە سەر هەموو تاکێك، کە لەوانەیە کاریگەرییەکای لە فاکتەرەکانی تر ئەگەر زیاتر نەبێت، کەمتر نابێت.

## * دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

لەسەردەی بیست و یەکدا ڕاگەیاندن بە سەرجەم شیوازەکانییەوە لە ( بیستراو، و بینراو، و خوێندراو) ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان گێراوە لە پرۆسەی پیگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا،

ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە گایاندنی زانیاری و ڕاستی و ڕووداوەکان بۆ ئەوەی خەڵك ئاگاداری لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان بن.

*** دامەزراوە ئاینییەکان و پەرستن:**

ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییەکان و پەرستن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتیدا خۆیان لەوەدا دەبیننەوە لە یارمەتی تاك دەدات لە ڕێگەی وەرگێرانی پەیامە ئاسمانییەکانەوە بۆ ڕەفتاری پێوەری، بەجۆرێك کە تاکەکان جێبەجێی بکەن لو ژیانی ڕۆژانەیاندا.

**شەشەم/ تیۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی:**

*** تیۆری سیاسەتی بەشدارنەبوون (بەشداری نەکردن) (Laissz – Fair Theory ):**

بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە ڕووی مێژوویەوە بۆ بیری سیاستی بەشداری نەکردن دەگەڕێتەوە کە زانای بەناوبانگ (جان جاك ڕۆسۆ) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (ئەمیل) بانگەشەی بۆ دەکرد. وە ناوەڕۆکی بیروکەی ئەم تیۆرە ئەویە کە مندال بە سروشتی خۆی هەلگری کۆمەڵێك هێز و توانای ڕەمەکی و بۆماوەییە کە ناو دەبرێت بە (ئامادەگییەکان) و سەرجەم لایەنەکانی کەسایەتی ئامادەیە بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی سروشتی گەشە بکات، بەلام بەشداریکردن و دروست خستنە ناوی هەریەك لە ( دایکان و باوکان و مامۆستایان و ئەوانی تر) بۆ ئەو گەشەکردنە، ئەوا تێکی دەدەن و وای لێدەکەن کە بە شێوەیەکی نەرێی (نێگەتیڤ) گەشە بکات و دەبنە کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم گەشە سروشتییەکەیدا. وە هەروەها هەر یەك لە زانایان (بستالۆتزی، وفرۆبل، وجیزل) لە شوێنکەوتووانی ئەم تیۆرەن.

١- ئەم زانایانە جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە پێوستە خێزان و قوتابخانە زۆر لە مندالٚ نەکەن بۆ فێرکردنی ئەوشتانەی کە دەیانەوێت لە کاتێکدا کە مندالٚ بۆ خۆی خاوەنی هێزێکی بۆ ماوەیی داهێنەر و بنیادنەرە.
٢- لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی پرۆسەی پێگەیاندن و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بەپێی ئەم تیۆرە بریتییە لە گۆڕین و گواستنەوەی مندالٚ بۆ کەسێکی پێگەیشتوو و کامڵ لە

ڕێگەی مومارەسەکردنی ئەو کار و چالاکییانەی کە خۆی دەیەوێت و چێژ و خۆشی لێوەردەگرێت.

٣- بۆیە بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی پێکەیاندن گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی بە پێی ئەم تیۆرە لەسەر ڕۆڵی ئەرێیانەی منداڵ و ڕۆڵی نەرێیانەی دایکان و باوکان دەوەستێت.

*تیۆری پێکهێنان و دروستکردنی (لە قاڵبدانی) منداڵ (Clay Maudling Theory)

چەمکەکانی ئەم تیۆرە لە ڕووی مێژوویەوە لە بیرۆکەکانی (جۆن لۆك) وەو وەرگیراون، کە تێیدا منداڵ بە پەڕەیەکی سپی بەتاڵ دەچوێنێت. و منداڵ بەو واتایە عەقڵی بەتاڵە و دەتوانین پڕی بکەین بە پێکهاتەی عەقڵی ئەویش ڕێگەی ئەو شارەزاییانەوە دەبێت کە بەرپرسانی ئەو منداڵانە هەیانە. بۆیە لێرەدا لە توانای دایکان و باوکان و مامۆستایاندایە کە منداڵەکەیان دروست بکەن بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێت چی لێوە بەرهەم بهێنن.

هەروەك نووسین و تیۆرەکەی (واتسن) پاڵپشتی ئەم تیۆرە دەکات، و نزیکە لە بیروبۆچوونی ئەم تیۆرەوە، کاتێك کە ئاماژە بەوە دەکات چەند منداڵێکی بۆ بهێنن چیان بوێت لێیان دروست دەکات لە (مامۆستا، ئەندازیار، جووتیار، دارتاش، پزیشك، .... هتد).

کەواتە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە منداڵ ڕۆڵێکی نەرێنی ( نێگەتیڤی) دەبێت، و لێپرسراوانیش ڕۆڵێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤیان) دەبێت، بۆیە منداڵ بە پێی ئەم تیۆرە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی تەواو نەکراوە، و وەکو ماددەیەکی خام (هەویر) وایە و ئامادەیە بۆ ئەوەی کە لە لایەن خێزان و داموەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە تەواو بکرێت و چۆن دەویسترێت بەو شێوەیە لە قاڵب بدرێت.

*تیۆری ململانێ(Conflict Theory):

چەمکەکانی ئەم تیۆرە لەو بنەما هەڵەیەوە وەرگیراوە کە زۆرێك لە فەیلەسوف و ئامۆژگارەکەران تا سەردەمانێك باوەڕیان پێی بوو، ئەم بنەمایەش وای دەبینێتب بە

(مرۆڤ لەلایەن دایکیەوە لە سیکدا هەڵگیراوە و لە دایك دەبێت لە بارودۆخ و کەش و هەوایەیکی هەڵەدا).

لە دواکەوتووانی ئەم بنەمایە (تۆماس هۆبز) Tomas hobbs لە قەرنی حەڤدەدا پێی وابوو کە منداڵ خاوەنی سروشتێکی خراپ و تێکدەرە و لەوانەیە ببێت بە سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ سەرجەم بەها کۆمەڵایەتییەکان. وە هاتووەنەتە ژیانەوە وەکو دڕندەیەکی بچووك کە تەنها ئامانج و ویستیان ئەوەیە بگەن بە ویستەکانی خۆیان و بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بن بە نرخێك بێت.

بۆیە ئامانجی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هەر لەمنداڵییەوە ملکەچ و ناچار بکرێن بۆ ئەوەی ڕۆڵی هاونیشتیمانییەکی گونجاو دروست و ژیاری ببینێت.

هەروەها (وسیلی) Wesleyلە قەرنی هەژدەیەمدا بۆ ئەوە دەکات کە تێکشکاندنی ئیرادەی منداڵ تەنها ڕێگەیە بۆ فێرکردنی ئاینی، و دایکان و باوکان لەگەڵ خوادا لەم بوارەدا کار دەکەن بۆ ئەو مەبەستە.

وە منداڵ بەپێی ئەم تیۆرە لە دایك دەبن و لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێك ڕەمەکی بۆماوەییان هەیە کە هەمیشە بەرەو تێرکردنیان پاڵ بە تاکەکەوە دەنێن بۆ ئەوەی ڕەمەکە ئاژەڵییەکانیان تێر بکەن، و ئەمەش هاودژ دەبێتەوە لەگەڵ دابونەریت و کەلتور و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە لێرەوە ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی خێزانەکان هەر لە یەکەم چرکە ساتەکانی لە دایك بوونەوە دەست پێدەکات بۆ تێکشکاندنی ئارەزووە ئاژەڵییەکانیان، و ناچارکردنی بەوەی کە ڕفتاری گونجاو بنیاد بنێت کە لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگەدا هەڵبکات.

وە (فرۆید) یەکێکە لەو زانایانەی کە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی وێنای ئەم ململانێیەی بۆمان کردووە لە تیۆرە بەناوبانگەکەیدت لە بواری کەسایەتیدا، بەجۆرێك کە پاڵنەر و حەز و ئارەزوو و پێداویستییە فسیۆلۆژییەکانی ناوی ناوە بە (ئەو) ID کە دژی داواکارییەکانی کۆمەڵگا داوای تێربوونیان دەکات و هەمیشە لەسەر ( پرەنسیپی

چێژ ) کار دەکات و مۆرکێکی خۆپەرستانەی بەسەروەو دیارە، بەشی دووەمیش بریتییە لە ( من ) Ego کە ڕۆڵی کۆنترۆلکردن و بەڕێوەبردنی ( ئەو ) دەبینێت لێدەکات کە پێداویستی حەز و ئارەزووەکان تێر بکات بەلاَم بە ڕەچاوکردنی داواکارییەکانی کۆمەڵگە چونکە هەمیشە لەسەر ( بنەمای واقیع ) کار دەکات. هەرچی بەشی سێیەمە ناوی دەبات بە ( منی بالاَ ) Super Ego ئەم بەشەش بەهۆی مامەڵەکردنی دایك و باوکەوە بە پرنسیپەکانی پاداشت و سزا لە منداڵییەوە دەست بە دروست بوون دەکات و هەمیشە بە دوای نموونی بالاَدا دەگەڕێت و زیاتر گرنگی بە لایەنی کۆمەلاَیەتی و کۆمەڵگا دەدات و لەسەر ( بنەمای نموونەی بالاَ ) کار دەکات.

وە ( ئەریکسۆن ) Erikson کە یەکێکە لە بەرەوپێشبەرانی ئەم تیۆرە پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەلاَیەتیمان بۆ دەکات بەوەی کە بریتییە: " لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە بوونەوەری مرۆیی لە حاڵەتی منداڵی و شیرەخۆری و خۆپەرستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی پێگەیشتنی نموونەیی کە بەسەربەخۆیی و داهێنان و نوریگەری و بونیادیان دەناسرێتەوە".

## بەشی چوارەم

## پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ( العلاقات الاجتماعية )

### یەکەم/ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

زانا ( دەك، ١٩٩٥ ) بە ناوبانگترین زانایە لە بواری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا، کە وای بۆ دەچێت باسکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە دەوڵەمەندترین و گشتگیرترین بابەت لە بابەتەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین باسی چۆنیەتی دروست بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکەین لە نێوان گەورەکان، و پاشان باسی بەردەوام ئەم پەیوەندییانە بکەین، و هەروەها باسی چۆنیەتی تێکچوون و لێك ترازانی ئەم پەیوەندییانەش بکەین.

### دووەم/ چونیەتی دروست بوونی پویوەندی لە نێوان گەورەکاندا:

سەبارەت بە چۆنیەتی دروست بوونی پویوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ( کلۆر و بێرن،١٩٧٤ ) بۆ چوونێکی تایبەتیان خستەڕوو، کە پێیان وابوو مرۆڤەکان نزیکی یەکتر دەبنەوە کاتێك ئەم نزیك بوونەوەیە پاداشت و خەڵاتی لێدەکەوێتەوە، ئەم پاداشتەش ڕاستەخۆ دەبێت ( لە خودی کەسەکەوە دەبێت )، یان ناڕاستەوخۆ دەبێت ( لە کەش و هەوای بارودۆخەکەوە دەبێت ). لە گەڵ ئەوەی پاداشتەکان وەك یەك نین بۆ هەموو کەسەکان، بەڵام هەندی هۆکار هەن کە گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ دروست بوونی سەرەتای ئەو پەیوەندییانە، ئەم هۆکارانەش بەهایەکی پاداشتیان هەیە بۆ کەسەکە، هۆکارەکانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

### ١-هۆکاری نزیکی:

واتە نزیکی لە ڕووی ناوچەی جوگرافییەوە، ئەویش بە سەرەتایترین هۆکار دەژمێردرێت بۆ دروست بوونی پەوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە چەند کەسەکان

لەیەکتر دووربن، ئەگەری دروست پەیوەندی کۆمەلآیەتی کەمتر دەبێت، و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

لەم بارەیەوە لە یەکێك لە توێژینەوەکانیدا ( فستنگەر) ئەوەی دەرخست کە ئەو قوتابییانەی کە لە ژوورەکانی تەنیشت یەك دەژیان لە بەشە ناوخۆییەکاندا پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکانیان بەهێزتر بوون، بە بەراورد لەگەڵ ئەو قوتابییانەی کە ژوورەکانیان لێك دوور بوون. هەروەك ئەو قوتابیانەی لە یەك نهۆم دەژیان پەیوەندییەکانیان بە هێزتر بوو بە بەراورد لە گەڵ قوتابیانی نهۆمەکانی تر، هەروەها ئەو قوتابییانەی نزیك دەرگا سەرەکیەکان دەژیان پەیوەندیان بەهێزتر بوو لە گەڵ قوتابیەکانی تر بە بەراورد لەگەڵ ئەو قوتابیانەی لە ژوورە دوورەکان دەژیان.

لە توێژینەوەیەکی تردا کە (سومەر) ئە نجامیدا، بۆی دەرکەوت مرۆڤ هەست بە نا ئارامی دەکات کاتێك کەسێکی بێگانە لە نزیکی دادەنیشێت، چونکە سنووری بە کەسەکە دەبەزێنێت و ناوی لێنا بوار یاخود پێگەی تایبەت ( الحیز الشخصی). واتە ئێمە سنوور بۆ ئەو کەسانە دادەبیێن کە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، وە قەبولێشمان نییە بەبی ڕەزامەندیمان هیچ کەسێك ئەم سنوورە ببەزێنێت، بۆیە کەسی بێگانە مافی هاتنە ناو ئەو بۆ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر سەرنج بدە ئەم نەخشەیەی خوارووەوە:



**٢-هۆكاری دووبارەبوونەوەی بینین:**

نزیکی لە ڕووی جوگرافییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کارلێککردن بەردەوام و بە هێزتر بێت، ئەمەش وا دەکات سۆز و خۆشەویستی زیاتر بێت، بەڵام ئەگەر ئیمە لە سەرەتاوە ڕق یان قێزمان لە دیمەنێك بێتەوە ئەوا دووبارە بوونەوەی ئەو دیمەنە ڕق قێزمان زیاتر دەکات، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، کەسێك یان دیمەنێکمان لا خۆشەویست بوو، ئەوا دووبارە بوونەوەی دەبێتە مایەی نزیك بوونەوە لێی.

لەیەکێك لە تاقیکردنەوەکان وێنەی هەندێ کەسانی ناسراو نیشانی کۆمەڵێك کەس درا، وە هەمان وێنەیان بەڵام چۆن لە ئاوێنە دەر دەچن نیشان دان، بینرا کۆمەڵەکە مەیلی بینینی وێنەی کەسەکان دەکەن وەك ئەوەی خۆیان لە ڕاستیدا دەیانبینن، نەك وەك ئەوەی لە ئاوەێنەکەدا دەردەچن،

**٣- هۆکاری لێکچوون:**

یەکێك لە هۆکارەکانی نزیك بوونەوە لە نێوان کەسەکان، ڕێژەی لێکچوونیانە، ئەو لێچوونەش دەبێتە هۆی دروست بوونی مەیلێك لە نێوان کەسەکاندا. لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە هەندێ دەرئەنجامیان خستوتە ڕوو لەوانەش: ( ئیمە لەو کەسانە نزیك دەبینەوە کە لە جۆری بیرکردنەوەمان نزیکن، و ئیمە هەرچەند سووربین لە سەر ئاڕاستەکانمان ئەوا هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدەین لەو کەسانەی ڕای جیاوازیان هەیە لەگەڵمان، ئەگەر هەست بکەین سیاسەت مەدارەکان هەمان ئاڕاستەی ئێمەیان هەیە ئەوا چاوپۆشی لە قسەکانیان دەکەین لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازیشە لەگەڵ ئاڕاستەکانماندا ).

هەروەك لێکچوونیش دەبێتە ئامرازێکی هاندەر بۆ دروست بوونی پەیوەندییەکان لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- لێکچوون ڕێخۆشکەرە بۆ چالاکی هاوبەش.
٢- ئەو کەسانەی هاوڕان لەگەڵمان، وامان لێدەکەن ڕێزمان بۆ خودی خۆمان زیاتر بێت.

٣- لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەبەرزی و خۆبەگەورە زانینی تێدایە، وا هەست دەکات ئەوکەسەی هاوڕایە لەگەڵی کەسێکە شایەنی ڕێز و ستایشە.

٤- ئەو کەسانەی هاوڕان لە سەر پرسە جیاجیاکان بە ئاسانی کۆك دەبن.

٥- ئیمە هەمیشە گریمانەی ئەوە دادەنێین ئەوانەی لە گەڵمان هاوڕان ئیمەیان خۆش دەوێت، لە بەرامبەردا ئیمەش ئەوا نمان خۆش دەوێت، وبە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

لەم بارەیەشەوە ( بیردۆزی هاوسەنگی ) وای بۆ دەچێت کە خەڵك حەز دەکەن بگەنە ئایدیایەکی ڕوون و ڕێك و گونجاو لە گەڵ جیهانی دەروربەریان، و بۆ ئەم موبەستەش ( ٣ ) بیرۆکەیان دانا، ئەویش ( ئەگەر( أ-ب ) هەمان ڕای پۆزەتیڤیان هەبوو بەرامبەر بە ( س ) ئەوا یەکتریان خۆش دەوێت، هەروەك ئەگەر( أ-ب ) هەمان ڕای نێگەتیڤیان هەبوو بەرامبەر بە ( س ) ئەوا یەکتریان خۆش دەوێت، بەلاّم ئەگەر( أ-ب ) ڕای جیاوازیان هەبوو واتە یەکێکیان ڕای پۆزەتیڤی هەبوو بەرامبەر بە ( س ) و ئەوەکەی تر نێکەتیڤ ئەوا ڕقیان لە یەکتر دەبێتەوە.



٤-هۆكاری جوانی ڕووخسار و سەرنج ڕاكێشانی جەستەیی:

زۆر بەڵگە هەن جەخت لە سەر بوونی چەند بیرۆكەیەكی گشتی دەكەنەوە سەبارەت بە كاریگەری جەستە لە سەر سەرنج ڕاكێشان، و هەندێك بۆ چوونی گشتی هەیە لە سەر ئەو كەسانەی ڕووخسارێكی جوانیان هەیە، بۆ چوونەكانیش ئەمانەن ( نەرم ونیانن، بەهێزن، كراوەن، قسە خۆشن، و.....هتد ).

وە هەندێك لە لێكۆڵینەوەكان لەم بوارەدا دەریان خستووە كە ئەو كەسانەی ڕوخساریان جوان وسەرنج ڕاكێشە كاتێك لە دادگا بە تاوانێك دادگایی دەكرێن، ئەوا هەلی دەرچوونیان زیاترە لەو كەسانەی كە شێوە ڕوخساریان جوان نییە.

٥-هۆكاری ئارەزووی هاوبەش:

ئێمە زۆر جار حەز دەكەین پەیوەندیمان لە گەڵ ئەو كەسانەدا هەبێت كە ستایشمان دەكەن لە شوێنە جیاجیاكاندا وبەشان وباڵدەدەن. دەرئەنجامی لێكۆڵینەوەكانی ئەم بوارەش بۆ دەچن كەوا ( ئێمە ئەو كەسەمان خۆشتر دەوێت كە لە یەكەم ڕقمان لێبووە و دواتر خۆشمان ویستوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو كەسەی كە لە یەكەم جارەوە خۆشمان ویستوە، بەهامان شێوە ڕقمان لە كەسێك زیاتر دەبێتەوە كە یەكەم جار خۆشمان ویستوە پاشان ڕقمان لێ بووەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ كەسێك كە لە سەرەتاوە ڕقمان لێی بووە ).

٦-هۆكاری تەواوكردن:

واتە پەیوەندی لە نێوان كەسەكان دروست دەبێت لە سەر بنەمای تەواوكردنی یەكتر، بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی حەزیان لێیە كۆنترۆڵی خێزان بكەن و بەشێوەیەكی ئافرەت سالارانە یاخود دایك سالارانە مامەڵە بكەن، هەوڵی ئەوە دەدەن شە بەو پیاوانە بكەن كە بێدەسەڵات دیارن و حەزیان لە ژێردەستییە، وبە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

٧-هۆكاری لێهاتوویی:

واتە ئێمە حەز و مەیل و ئارەزوومان بۆ ئەو کەسانە زیاترە کە لە کەسە ئاساییەکان بەتواناترن، وە ئێمە خۆشەویستی ومەیلمان زیاتر دەبێت کاتێ کەسە لێهاتووەکان هەڵە دەکەن، چونکە ئەو هەڵەیە بۆمان دەسەلمێنێت کە ئەویش مرۆڤە و قابیلی هەڵەکردنە، ئەمەش بە پێچەوانەی کەسی ئاساییە چونکە کاتێ هەڵە دەکات هەڵکانی ئەو بە لاوازی دەژمێردرێن، ئەم بۆچونە زیاتر پیاوان دەگرێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتاندا.

<u>سێیەم/ بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان لە نێوان گەورەکان:</u>

چەندین بۆ چوون سەبارەت بە بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان دەخەینە ڕوو لەوانە:

**١-تیۆری مۆرستین ( قۆناغەکانی پەیوەندی):**

(مۆرستین) وای بۆ دەچێت کە پەیوەندییە سۆزییەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبن، لە لێك نزیك بوونەوەوە لەسەر بنەمای ڕواڵەتی دەرەکی دەست پێدەکات ( جوانی ڕوخسار)، پاشان دەچێتە قۆناغی (بەهاکان) واتە لێکچوونی بەهاکان و بیر و باوەڕ لە نێوان دووکەسەکە گرنگی زیاتری دەبێت لە ڕوخسار، پاشان دەچێتە قوناغی ڕۆڵ ئەویش قۆناغێکە هەردوولا ئەرکەکانی خۆیان دەزانن، ئەو ڕۆڵەی کە پێی دەدرێت لە کاتی بوونی پەیوەندییەکەدا، لەگەڵ ئەوی هەرسێ هۆکار گرنگی خۆیان هەیە لە دروست بوونی پەیوەندییەکەدا، بەڵام لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەیوەندی، هۆکارێك لە هۆکارەکان گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەیری ئەم نەخشەیە بکە:



**٢- بیردۆزی ئاڵوگۆڕی كۆمەلایەتی:**

**زانا (هۆمانز) كە دامەزرێنەی ئەم بیردۆزەیە وای بۆ دەچێت كە ئێمە سەیری پەیوەندیە كۆمەلایەتییەكانمان دەكەین لە سەر بنەمانی ڕادەی قازانج یاخود بڕی ئەو سوودەی كە لەم پەیوەندییەوە پێمان دەگات، پاش ئەوەی تێچووەكەمان لێدەركرد، چەند تێچووی كەم بیچت و قازانجی زۆر بێت پەیوەندییەكەمان بە هێزتر دەبێت. هەروەها بە بۆچوونی ئەم بیردۆزە، مرۆڤ بوونەوەرێكی خۆویست و قازانج وستە، بۆیە پەیوەندیە كۆمەلایەتییەكانی لە سەر بنەمای بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆی دەبێت.**

**٣- بیردۆزی داد پەروەری:**

**ئەم بیردۆزە گرنگی بەو بارودۆخە نادات كە پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكەی لەسەر دروست بووە، بەڵكو كرنگی بەو بارودۆخە دەدات كە پاش ئەنجامدانی پەیوەندییەكە ڕوودەدات، لە ڕوانگەی ئەم بیردۆزەوە دەرئەنجامەكان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، چونكە دەرئەنجامەكان لە پەیوەندییەكانمان لە دواڕۆژدا كاریگەری لەسەر هەست و سۆزمان دەبێت، بۆ نموونو (ئێمە هەست بە ناڕەحەتی ناكەین ئەگەر هاتوو بەخشینمان لە وەرگرتنمان زیاتر بوو، بەلام ئەگەر ئێمە بەردەوام بەخشینمان زیادكرد ولە بەرامبەردا وەرگرتنمان كەمتر بوو لەو كاتەدا پەیوەندییەكەمان هەست بە ناڕەزایی دەكەین).**

**<u>چوارەم/ ڕۆڵی لێكچوونی لە بەردەوام بوونی پەیوەندییەكان:</u>**

**لە دەرئەنجامی هەندێك لە لێكۆلێنەوەكان دەركەوت ئەو هاوسەرانەی لێكچوونیان هەیە لە بیر و بۆچوونەكان و حەز و ئارەزووەكانیان و ئەوشتانەی ڕقیان لێ دەبێتەوە، ئەوا دەرفەتی بەردەوامی پەیوەندیەكانیان زیاتر لەو كەسانەی لێك ناچن، لە لێكۆلینەوەیەكدا كە لەسەر (٢٣١) هاوسەر كرابوو، لەوانەی پاش دووساڵ لە ژیانی هاوسەرگیریان لێك جیاببوونەوە، دەركەوت كەوا (٤.٥٪)ی هاوسەرەجیابووەكان ئاماژەیان بەوە كرد كە هۆكاری جیابوونەوەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیازازی لە حەزو و ئارەزوو و ئاڕاستە و بیر و**

باوەڕیاندا. لەم بوارەشدا ( لویس و سبانیر ) ئاماژە بەوە دەکەن کە سێ بنەمای سەرەکی هەیە بۆ بەردەوامی پەیوەندییەکان لە نێوان هاوسەران ئەوانیش:

١- ئەو پاداشتەی کە لە کارلێکردن و پرۆسەی هاوسەرگیریەوە دەستی دەکەوێت.
٢- ڕازی بوون لەسەر شێوازی ژیان ( اسلوب الحیاە ).
٣- تەواویی سەرچاوەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی.

بە بۆ چوونی ئەم دوو زانایە، دەستەبەرکردنی ئەم بنەمایانە لە نێوان هاوسەراندا هەلی بەردەوامی ژیانیان زیاتر دەکات.

**پێنجەم/ تێکچوونی پەیوەندییەکان لە نێوان گەورەکان:**

بێگومان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هەموو شێوەکانییەوە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە، هەی لە کاتی دروست بوون و بەردەوام بوونی تا دەگاتە تێگچوونو نەمانی، چونکە خودی پەیوەندییەکان بە چەندین پرۆسەی جیاجیادا دەڕۆن و چەندین گۆڕانکاریان بەسەردادێت، بە تایبەتی کاتێك دەگاتە دوایین قۆناغی، ئەویش تێکچوونی پویوەندییەکانە. سەبارەت بە تێکچوونی پەیوەندیەکان چەندین تیۆری جیاجیا هەن لەوانەش:

**١-تیۆری ( لی، ١٩٨٤ ):**

زانا ( لی،١٩٨٤ ) وای بۆ دەچێت کە ایچکچوونی پویوەندییە ڕۆمانسییەکانی پێش پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری بە پێنج قۆناغدا تێدەپەڕن ئەوانیش:

١- هەردوو لا پەی بە نزمبوونی ئاستی پەیوەندییەکانیان دەبەن.
٢- دەربڕینی نارەزایی هەردوولا بۆ پەیوەندییەکانیان.
٣- ئاڵوگۆڕی بۆ چوونەکان سەبارەت بە خراپی پەیوەندییەکان.
٤- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.
٥- کۆتایی پێهێنانی پەیوەندییەکان لە کاتی سەرنەکەوتنی گفتوگۆدا.

**٢-تیۆری (دەك، ١٩٨٨):**

زانا (دك،١٩٨٨) بۆ چوونێکی تایبەتی هەیە بۆ تێکچوونی پویوەندییەکان، کە پێی وایە تێکچوونی پەیوەندییەکان بە چوند قۆناغێدا دەڕوات، قۆناغەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم/ قۆناغی شاراوە:**

لەو کاتەوە دەست پێدەکات کاتێك کە یەکێك لە هەردوولا هەست دەکات ناتوانێت چیتر بەردەوام بێت لە پەیوەندییەکەی، لە دەرئە نجامدا وای لێدێت هەموو ڕەفتارەکانی کەسی بەرامبەر دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، وە جەخت لەسەر لایەنی نێگەتیڤی ڕەفتارەکانی دەکاتەوە، وە کاتی بیرکردنەوەی لە کۆتایی پێهێنانی پەیوەندییەکەییر لە ڕادەی زیان و سوودەکانی جیابوونەوەکە دەکاتەوە، (دەك) ناوی لەم قۆناغە ناوە قۆناغی شاراوە، چونکە هەموو لێکدانەوەکانی کەسەکە تەنها لە هزری خۆیدا دەبێت ولە ڕەفتاریدا دەرناکەوێت.

**دووەم/ قۆناغی دەربڕین:**

لەم قۆناغەدا کەسی بێزاربوو بڕیار دەدات ناڕەواییەکانی دەربیڕێت، وە لەم حاڵەتەدا گفتوگۆ دەست پێدەکات بۆ کۆتایی بە لێك حاڵی نەبوونیان بهێنن و پەیوەندییەکە چاك بکەنەوە، بۆیە ئەگەر گفتوگۆکان سەرکەوتوو نەبوون ئەوا دەچێتە قۆناغێکی تر.

**سێیەم/ قۆناغی کۆمەڵایەتی:**

بۆیە پێی دەوترێت قوناغی کۆمەڵایەتی، چونکە لە کاتی نەهێشتنی پەیوەندییەکەدا ڕەچاوی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، لەم قۆناغەشدا هەوڵدەدرێت کێشەکان لەسەر ئاستی خزم و هاوڕێیان چارەسەر بکرێت، و تیایدا هەردوولا هۆکاری کێشەکە دەخەنە ئەستۆی بەرامبەر، و هەوڵ دەدات خۆی بێ تاوان نیشان بدات، لەم کاتدا ( گرووپی بەرپرس) دێنە ناوکێشەکە بەمەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان،

ئەگەر ئەم گرووپە لە چارەسەری کارەکانی سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا کێشەکە دەچێتە قۆناغێکی تر.

چوارەم/ قۆناغی پچڕانی پەیوەندی:

ئەم قۆناغە لەو کاتەدا دەست پێدەکات کە هەردوولا دێنە سەر ئەو بڕاوایە کە هیچ ڕووناکی و ئومێدێك لە پەیوەندییەکەیاندا نەماوە، بۆیە داوای پچڕانی پەیوەندی نێوانیان دەکەن.

وە دوای جیابوونەوەیان هەر یەك لە لای خۆی هەوڵ دەدات سەبارەت بە هۆکاری جیابوونەوەکەی چیروکێکی تایبەت بۆ خۆی دابڕێژێت، بە جۆرێك کەوا کەسی بەرامبەر بۆ ئەم پەیوەندی پچڕانە تاوانبار دەکات، و هەریەك لە دەلایەنەکە هەوڵ دەدەن بە کەمترین زیان لە بارودۆخەکە دەربازین و هەوڵدەدەن ڕێز و حورمەتی خۆیان بپارێزن، بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەلأیەتی خۆیان لە دەست نەدەن، ئەوەی شایەنی باسە ئەم چیرۆکانەی لە کۆتایی هەر پەیوەندییەکدا دروست دەبێت، بەشێکی گرنگە لە سایکۆلۆژیای پەیوەندی، چونکە یارمەتی کەسەکە دەدات بۆ ئەوەی لە کێشەکە دەدات بۆ ئەوەی لە کێشەکە دەربچێت و پەیوەندییەکی نوێ دروست بکات.

٣-تیۆری (ڕازبۆڵت، ١٩٨٧):

زانا (ڕازبۆڵت، ١٩٨٧) بۆچوونێکی دانا بۆ نەمانی پەیوەندی کە بە چوار قۆناغ دەست نیشانی کرد:

١- دەرچوون ( واتە وازهێنان لە پەیوەندییەکە ).
٢- پشتگوێخستن ( واتە پشتگوێخستن پەیوەندییەکە ).
٣- دەربڕین ( واتە دەربڕینی خەمەکان ).
٤- وەفایی ( واتە مانەوە لەسەر پەیوەندییەکە، و قەبوڵکردنی بارودۆخەکە و ئارام گرتن لەسەر ڕەفتاری کەسی بەرامبەر).

وە سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەی دووچاری کەسەکان دەبێتەوە لە کاتی پەیوەندییاندا، (ڕازبۆلت) پێیوایە چوار ستراتیژی هەن بۆ مامەڵەکردنی کێشەکان کە ئەوانیش:

١- دوو ستراتیژی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان ئەویش، دەرچوون لە پەیوەندییەکە و ڕەخنە وناڕەزایی لەسەر ڕەفتاری کەسی بەرامبەر.

٢- دوو ستراتیژی نێگەتیف بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان ئەویش ملکەچی و پشتگوێخستنی کێشەکانە. وە (ڕازبۆڵت) بۆ ئەوەی کاریگەری ستراتیژیەتەکان دەربخات ئەم نەخشەیەی خوارەوەی خستە ڕوو:



## بەشی پێنجەم

## کۆمەڵ، ودینامیکییەتی کۆمەڵ ( الجماعة، ودینامیکیة الجماعة )

### یەکەم/ پێناسەی گۆمەڵ:

*بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەلآیەتی، کە لە چەندین کەس پێکدێت، و کارلێك کردن و پەیوەندییەکی کۆمەلآیەتی ڕوون و ئاشکرا لە نێوانیان هەیە، و ڕۆڵ و کارەکان لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت، و پێگە کۆمەلآیەتییەکانیانی تێدا دەستنیشان دەکرێت. ئەم یەکەیەش پێوەر و بەهای تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ڕێگای ڕەفتارەکانیانەوە دەست نیشان دەکرێت، و هەوڵی بەدەست هێنانیان دەدرێت.

*بریتییە لە یەکەکی پێکهاتوو لە ژمارەیەك بوونەوەری لێکدابڕاو، کە درك کردنێکی کۆمەلآیەتییان بە یەکگرتوویان و توانای کارکردنیان هەیە. یاخو یەك هەڵدەبژێرن بۆ مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژینگەی چواردەوریاندا کە تێیدا ژیان دەگوزەرێنن.

*بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەلآیەتی پێکهاتوو لە دوو کەس یان زیاتر، کە پێکەوە پەیوەست دەبن لە پێناو ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراودا، و لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەشەوە دەگەنە شتێك کە مانا بە ژیانیان دەبەخشێت.

*بریتییە لە کۆمەڵە تاکێك کە بەرەو ڕووی یەك چارەنووس دەبنەوە. واتە کەسانێکن کە پشت پێبەستنی دوو لایەنەیان لەسەر یەکتر هەیە.

### دووەم/ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ:

کۆمەڵ چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە بەبێبوونیان سیفەت و خەسڵەتی کۆمەڵبوون لە دەست دەدات ئەوانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١- بوونی دووکەس یان زیاتر.

٢- بوونی بەهاو حەزو ئارەزووی هاوبەش.

٣- بوونی ئامانجێکی تایبەت یان چەند ئامانجێکی هاوبەش بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەست هێنانی بدەن.

٤- بوونی شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکان، و زمانێکی تایبەت کە هەموتن تێیدا هاوبەش بن.

<u>سێیەم/ جۆرەکانی کۆمەڵ:</u>

جۆرەکانی کۆمەڵ لە چەند ڕوویەکەوە دابەش دەکرێت کە لە گرنگترینیان:

**١- دابەش بوونی کۆمەڵ لە ڕووی کات و ماوەی بوونییەوە:**

ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو بۆ دوو جۆر کە ئەوانیش:

*کۆمەڵی ماوە درێژ ( درێژ خایەن ) وەکو خێزان.

*کۆمەڵی ماوە کورت (کورتخایەن ) وەکو بەشداریکردنی کۆمەڵە کەشێك لە وانەیەکدا.

**٢- دابەش بوونی کۆمەڵ لە ڕووی جۆری پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانیدا:**

ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر ئەوانیش:

*کۆمەڵ دیموکراسی.

*کۆمەڵ زۆرە ملێ ( دیکتاتۆری ).

**٣- دابەش بوونی کۆمەڵ لە ڕووی سروشتی دروست بوونییەوە:**

ئەوانیش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەوانیش:

*کۆمەڵی نامەبەست وەکو خێزان.

*کۆمەڵی بەمەبەست وەکو سەندیکا و یانەکان و ئەوانی تر.

**٤-دابەش بوونی کۆمەڵ لە ڕووی قوڵی پەیوەندی لە نیچوان ئەندامەکانیدا:**

**ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەوانیش:**

***کۆمەڵی یەکەمی وەکو خێزان و هاوڕێ و ئەوانی تر.**

***کۆمەڵی دووەمی وەکو ئەو پەیوەندییانەی کە زۆر درێژە ناکێشێت و بەردەوام نابێت.**

**٥- دابەش بوونی کۆمەڵ لە ڕووی پابەندبوونی ئەندامەکانی بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان:**

**ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەوانیش:**

***کۆمەڵی فەرمی ( ڕەسمی ) وەکو هۆڵ و کۆرسەکانی خوێندن.**

***کۆمەڵی نافەرمی ( نارەسمی ) وەکە هاوڕێ.**

**تێبینی: لێرەدا خێزان بە هەریەك لە کۆمەڵی فەرمی و نافەرمی هەژمار دەکرێت:**

**چوارەم/ گرنگی کۆمەڵ بۆ ( تاك و کۆمەڵ ):**

**کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بۆ هەر یەك لە تاك و خودی خۆشی هەیە. بەم شێوەیەی خوارەوە:**

***گرنگی کۆمەڵ بۆ تاك:**

**گرنگی کۆمەڵ خۆی لە چوند خالێکدا دەبینێتەوە کە گرنگترینیان:**

1. **دروست کردن و پێکهێنانی هاوڕێتەتی نوێ.**
2. **وەرگرتنی پێوەر و بەهای کۆمەلایەتی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی.**
3. **بوونی کۆمەڵ بوارێکی زۆر گونجاو دەڕەخسێنێت تا مرۆڤ بتوانێت زانیاری دەربارەی خۆی و دەوروبەرەکەی هەبێت.**
4. **توانای تاك بۆ بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی هێزتر دەکات.**

*** گرنگی کۆمەڵ بۆ خودی کۆمەڵ خۆی:**

بەلام گرنگی کۆمەڵ بۆ کۆکەڵەکە خۆی لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێت:

١- بەشداری دەکات لە گەشە و باشترکردنی کۆمەڵ و مسۆگەر کردنی بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەلایەتیدا.
٢- کۆمەڵگە ناتوانێت بەردەوام بێت بەبێ ئەوەی بەشداری لە کارەکاندا نەکات.
٣- هەموو دەزگا کۆمەلایەتییە دروست بووەکان، بریتیین لە بەرهەمی هەوڵ کۆششی کۆمەڵەکان.

<u>پێنجەم/ بەڵگە و پێوانەکردنی یەکگرتووی کۆمەڵ:</u>

چوند نیشانە و بەڵگەیەك هەیە بۆ دەرخستن و پێوانەکردنی ئاستی نزیك بوونەوە و یەکگرتووی کۆمەلچەکان، لە دیارترین و گرنگترینیشیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- **قسەکانی کۆمەڵەکە:** واتە کاتێ ئەندامیکی ئەو کۆمەڵە قسە دەکات، چی ووشەیەك بەکار دەهێنێت، دەڵی (من) یا (ئێمە)، و چەند جار ئەم وشانە دووبارە دەکاتەوە، و کامیان زیاتر بەکار دەهێنێت.
٢- **پێوەری هاوڕێیەتی:** بۆ ئەوەی ئەم پێوەرە بەکاربهێنین تا ئاستی هاوڕێیەتی پێ بپێوین، ئەوا لیستێك بەناوی ئەو کەسانەئامادە دەکەین کە لە ناو کۆمەڵەکەن، و بەرامبەر هەر ناوێك دەنووسین (باشترین هاوڕێمە، هاوڕێمە، تۆزێك هاوڕێیەتی دەکەم، هاوڕێم نییە، ڕقم لێیەتی)، پاشان داوا لە کەسەکان دەکەین تا یەکێك لە هەڵبژاردنەکان دەسنیشان بکەن:
٣- **گوێڕایەڵی ئەندامانی کۆمەڵکە بۆ یەکتر:** واتە تا چەند ئەو کەسەکانی ئەندامن لە کۆمەڵکەدا گوێڕایەڵی فەرمان و داواکارییەکانی کۆمەڵەکەی خۆی دەبێت.
٤- **یەکگرتووی کۆمەڵەکە لە کاتی ڕووبەڕوبوونەوەی گرفتەکاندا:** بۆ نموونە لە کاتی شکست هێنان، ئایا ئەندامانی کۆمەڵەکە چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، هەوڵ دەدەن بە یەکگرتوویی بمێننەوە، یان هەر یەك لە ئەندامەکان پەنا دەباتە بەر گلەیی لە کەسانی تر، و بەرپرسیاریەتییەکە لەسەر شانی خۆی دوور دەخاتەوە.

٥- **حاڵەتی هەڵچوونی تاکەکان بۆ کۆمەڵەکەی خۆی :** واتە لە کاتێکدا کە بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکانی لە چی حاڵەتێکی هەڵچوونیدا دەبن.

٦- **ڕادەی بەشداری تاکەکان لە چالاکییەکانی کۆمەڵکەیدا:** واتەی تا چەند ئەو کەسانەی ئەندامن لە کۆمەڵەکە بەشدارن لە چالاکییەکاندا، وبەچی ڕۆحیەتیەتێکەوە بەشداری کارو چالاکییە کۆمەڵێیەکان دەکەن، و ئەو بەشداریکردنەیان لە چی ئاستێکدایە.

**شەشەم/ هۆکارەکانی نزیك کەوتنەوە دوورکەوتنەوە لەناو کۆمەڵ:**

چەندین هۆکار هەن کەوا لە کەسانی ناو کۆمەڵ دەکات لە یەکتر نزیك یاخود دوور بکەونەوە، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش:

**١-هۆکارەکانی نزیك کەوتنەوە:**

لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی نزیك کەوتنەوەی ئەندامانی کۆمەڵ:

*هۆکارە دەرەکییەکان: وەکو ( چاودێری کۆمەڵ، و کاریگەری ڕای گشتی، و توانای ئابووری ئەو کەسەی کە کۆمەڵەکە بەڕێوەدەبات ).

*هۆکارە ناوکییەکان: وەکو ( بوونی ئامانج و کار و چالاکییەکی هاوبەش لە نێوان ئەندامەکان، هەروەها لێکچوویی و گونجاوی ئەندامەکان، و یەکگرتوویی کەسانی کۆمەڵەکە ).

**٢-هۆکارەکانی دوور کەوتنەوە:**

لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی ئەندامانی کۆمەڵ:

*بارودۆخ و هەڵوێستە لاساری و لادەرییەکانی ئەندامانی کۆمەڵەکە. واتە ڕەفتارێك بکرێت کە لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵەکەدا نەگونجێت و دوور بێت لەو بەهایانە.

*لاساری و لادانی کۆمەڵەکە خۆی، واتە کاتێك تاك بیر و باوەڕێکی هاوشێوەی کۆمەڵەکەی هەبێت، و دواتر کۆمەڵەکە خۆی لەم بیروباوەڕانە لابدات، ئەم لادانەش دەبێتە هۆی یاخیبوونی ئەندامەکان لە کۆمەڵەکەی خۆی.

حەوتەم/ گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کار دەکەنە سەر سەرپێبوونی (ئینتیمای) تاك بۆ کۆمەڵ:

کۆمەڵێك فاکتەر هەن کە کار دەکەنە سەر ئینتمای تاك بۆ ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی کە ڕەنگە بەرەو زیادبوون یان کەم بوونی ببەن، لە دیارترین و گرنگترین ئەو فاکتەرانەش:

١-هێزی سەرنج ڕاکێشان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەدا:

کۆمەڵێك گۆڕاوی بنەڕەتی وەکو ( سیماتە کەسایەتییەکان و لە یەکچوونی بەها و ئاڕاستەکان)، هەروەها گۆڕاوی دووەمی یاخود لاوەکی وەکو ( نزیکی شوێن و کات و پەیوەندی و کارلێککردن و لە یەکچوونی لایەنی ئابووری و ڕەگەزی و نەتەوەیی) هەن کە وەکو هێزی ڕاکێشەر کار دەکەنە سەر پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەیەك.

هێزی ڕاکێشانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان:

لەوانەیە زۆر جار تاکەکانی کۆمەڵەیەك کۆببنەوە لە دەرئەنجامی چالاکییەکی دیاریکراو کە چێژی لێوەردەگرن، ئەمەش لە کۆمەڵەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ڕۆشنبیرییەکاندا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت.

هێزی ڕاکێشانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە:

یەکییەتی ئامانج یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکان لە پێکهێنانی کۆمەڵدا، وە یەکێکە لەو ئامراز و شێوازانەی کە تاکەکەیان بەرەو یەکتر ڕادەکێشێت بە مەبەستی بەدەست هێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەیان.

## بەشی شەشەم

### پێناسەی ئاڕاستە دەروونیەکان :

ئاڕاستەکان یان ئامادەبوونی ئەقڵێکی تورەی فێرکراوە بە وەڵامدانەوەیەکی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ بۆکەسێك یان شتێك یان بابەتێك یان هەڵویستێك یان هێماکانی ژینگەکەی کە ئاماژەن بۆ ئەو جۆرە وەڵامدانەوەیە .

ئاڕاستەکان هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بەکەسەکان وبابەتەکان ئەو هەڵوێستە تاڕادەیەك و بەشێوەیەکی ڕێژەیی نەگۆڕەو کاریگەری بەسەر ڕەفتاری تاکەکانوە هەیە .

### تاییە تمەندی ئاڕاستەکان :

١ : ئاڕاستەکان وەرگیراوە و فێرکراوە خۆرسك وبۆماوەیی نین،

٢ : پەیوەندی بەورووژاندن وهەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە .

٣ : لەبۆشاییەوە دروست نابێت بەڵکو هەمیشەییە پەیوەندی نێوان تاك وبابەتێك لەبابەتەکانی ژینگەکەی دەگرێتە خۆی .

٤ : ئاڕاستەکان تا ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕن بەڵام بەشێوەیەکی گشتی قبوڵی گۆڕین و ڕاستکردنەوە دەکات .

٥ :خود بەسەریدا زاڵدەبێت نەك بابەتی .

٦ : یەکێکیان زۆر تەمومژاویە ئەویتریان زۆر ڕوونە .

٧ : ئاڕاستەکان گونجاو وشیاون بۆ فێربوون و وەرگرتن .

٨ : ئاڕاستەکان کاریگەری بەسەر شارەزایی تاك جێدێڵێت .

٩ : پێوانەو هەڵسەنگاندنی بە ئامێرو شێوازی جیا جیاوە قبوڵە .

## گرینگترین کاری ئاڕاستەکان ئەمانەن:

١ -کاری سودگەرایی گونجاندن :

ئاڕاستەکان ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕەفتار ئامێزە توانای تاك لەوەدیهێنانی ئامانجەکان وتێربوونی پاڵنەرەکانی لەژێر تیشکی پێوەرەباوەکانی گۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگاداوەك چۆن دەتوانێ پەیوەندیەکی گونجاوو باش لەگەڵ تاکەکان و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەلگاکەی و دەرەوەی کۆمەلگاکەیشی دروست بکات.

٢ - کاری ڕێکخراوەیی :

ڕەفتار لە هەڵوێستە جیاوازەکان کەبەرەو ئاراستەیەکی جێگیر ئاسان دەکات وهەلدەستی لەسەر پێویستی تاك بۆ دونیا بینی لەشێوەی بونیادنانێکی رێکخراو

٣ - کاری بەرگریکردن لە من :

تاك خۆی دان بە شتە ڕاستیەکان لە خۆیدا دەنێت یان دان بە رشاستیە تاڵەکانی لە جیهانی دەرەوەیدا دەنێت و تاك ئاراستەکان دروست دەکات بۆئەوەی پاساو بۆ فاشیلبونی یان بۆ بێتوانایی لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی بهێنێتەوە وە بۆ پاراستنی کەرامەت وشانازیکردن بەخۆی بۆ نمونە کاتێك ئاراستە نێگەتیڤەکان بەرەو میتۆدێك یان مامۆستاکەی دەچن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ فەشەلهێنانەکەی .

٤ - کاری گوزارشتکردن لە بەهاکان یان وەدیهێنانی خود:

تاك کۆمەڵێك لە ئاڕاستەکان ڕووبەڕووی ڕەفتارەکەی دەکاتەوە وە کاتێکی گونجاویشی دەداتێ تا گوزارشت لە خودی بکات شوناس و پێگەی لەوکۆمەلگایەی تێیدا دەژیت دیاری بکات وەك چۆن داکۆکی لە ئاراستەکانی دەکات و وەڵامێکی توندی چالاکییە ورووژێنراوەکانی ژینگە جیاوازەکەی بداتەوە ئەمەش بۆ دەستکەوتنی ئامانجێکی سەرەکی ژیانی دەبات کە وەدیهێنانی خودە .

## پێکهاتەی ئاراستەکان :

پێکهاتەی ئاراستەکان کاریگەری بەچەند هۆکارێکی جیاواز هەیە کە پشت بە شارەزایی ڕابردووی تاك دەبەستێت لەهەڵوێست ولەبابەتەکانیدا .ئەم هەست وبیروباوەڕانە تاك وا لێدەکات وەڵامێکی نەرێنی یاخود ئاراستەکان لەبنەڕەتدا یەکێك لەبەرهەمەکانی فێربوونەوەیە بەکورتی پێکهاتەی ئاراستەکان سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێ کە ئەمانەن :

ڕەگەزی فیکری ( مەعریفی )

ڕەگەزی ویژدانی ( عاتفی )

ڕەگەزی ڕەفتاری ( مەیلی بۆ کار )

## ڕەگەزی فیکری :

ئاراستەی تاك بۆ بابەتەکان یان بۆ کەسەکان پشت بەوە دەبەستێ کە دەیزانێ واتا پێکهاتەی مەعریفی لەسەر زانیاری و ڕاستی بابەتە فەراهەمکراوەکانی لتی تاك دەبێت لەبابەتی ئاراستەکان .

ئەگەر هاتوو ئاراستە لەبنەڕەتدی پرۆسەیەك بوو بابەتێکی بەسەر بابەتێکی دیکەدا زاڵکردبوو ئەوکاتە بەوکارە داوای هەندێ کاری ئەقلی دەکات وەك جیاکردنەوەو تێگەیشتن .. چونکە ئاراستەکان تاك بەرەو هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی دەبەن وەکوو کێشەی پیسبوونی ژینگەو نەهێشتنی نەخوێندەواری .

## ڕەگەزی ویژدانی :

ئەم پێکهاتەیە ئاماژەیە بۆ هەستی خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە کە تاك ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەئەنجامی بابەتێك کە لە سۆز وعاتیفەی دروست بوە .

## ڕەگەزی ڕەفتاری :

ئاراستەکان بەڕووی ڕەفتاری مرۆڤ کاردەکات جا پاڵنەرەکە لەسەر رەوتی ئەرێنی دەبێت کاتێك ئارلستەکە ئەرێنی بێت بۆبابەتەکان بۆنموونە : تاك ئاڕاستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر ئایین وەرگرتووە کەبە نوێژکردن وزەکات دان و ڕەفتاری باش بەرامبەر بەخەڵك وەڵامدەداتەوە بەڵام ئەگەر ئاراستەیەکی نەرێنی بۆ بابەتەکە هەبووبێ ئەوا وەڵامێکی نەرێنی دەبێت بۆ بابەتەکە .

## جۆری ئاراستەکان :

ئاراستە گشتیەکان وئاراستە تایبەتیەکان

ئاراستەی کۆمەڵی وئاراستەی تاکایەتی

ئاراستەی نهێنی وئاراستەی ئاشکرایی

ئاراستەی بەهێز و ئاراستەی لاواز

ئاراستەی پۆزەتیف وئاراستەی نێگەتیف

## ئاراستە گشتیەکان و ئاراستە تایبەتییەکان :

ئاراستەی گشتی ئەو دیاردانەی وەردەگرێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە بریتین لە بابەتی ئاراستەکان ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بێ پارچە پارچە کردن یان بەش بەش کردنی و بێ لێکۆ ڵینەوە لە وردەکاریەکان

بەڵام ئاراستەی تایبەتی تەنیا ئەو بەش بەشە بچوکانە وەردەگرێ کە لە بەشەکانی دیاردەکاندا هەنوو گوزارشت لە ئاراستەی بابەتێك دەکەن کەلەسەری چڕ دەبێتەوە بێ ئەوەی دیاردەکەی تر وەك هەموو دیاردەکان بەریەك بکەوێت و بە چاو پۆشینیش لە پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە لە وردە بەشەکانی تر کە دیاردەکەی بە خۆوە گرتووە وەك ئاراستەی تەنها

بەرەو ئیستعماری سەربازی یان ئاراستەی بەرە و جیاوازی ڕەگەزی لەنێوان ڕەش پێست وسپی پێستەکان

ئاراستە گشتیەکان نەگۆڕو جێگیرترن لە ئاراستە تایبەتیەکان .

## ئاراستەی کۆمەڵی وئاراستەی تاکایەتی :

ئاراستەی کۆمەڵی بریتیە لە هاوبەشی نێوان ژمارەیەکی زۆر لە خەلك بە بابەتێك لەبابەتەکان هاوپەیوەند بن ئاراستەی هاوبەشیش لای ژمارەیەکی زۆر خەڵك پێکدێ بۆ بەرەو سەرۆکایەتی وڵات یان گەورە بەرپرسێك یان بەرەو بەرهەمهێنانێکی دیاریکراو.

بەڵام ئاراستەی تاکایەتی خودییە و پەیوەندی هەیە بە خودی تاکەکەوە بە بێ خەڵکانی تر

## ئاراستەی ئاشکراو ئاراستەی نهێنی :

ئاراستەی ئاشکرا ئەو کاتانەیە کە تاك ئیحراج نابێت لە ئاشکراکردن و ڕوودانی کارەکەی لەبەرامبەر خەڵك

بەڵام ئاراستەی نهێنی ئەوەیە کە کە تاك لەئاشکراکردنی هەست بە جۆرێك لە ئیحراجبوون تەنگەتاوی دەروونی دەکات وهەوڵدەدات لەخەڵکی بشارێتەوە وخۆی بپارێزێ .

## ئاراستەی بەهێز و ئاراستەی لاواز :

ئاراستەی بە هێز لەلای تاك ئەوەیە لەبارەی بابەتێکەوە لەسەر ڕەفتاری ڕەنگیداوە تەوەبێلام توانای هەیە بەسەر ئەم ڕووداوە زاڵبێت وبە پێی پێویست بیگۆڕێت

بەڵام ئاراستەی لاواز هەڵوێستی لاواز بەرامبەر بەبابەتێك دەبینین کاریگەرییەکی زۆرکەمی هەیە لەو بابەتە کە دەیەوێ بیگۆڕێ ئەمەش لەوەوە سەرچاوە گرتووە بابەتەکە ئەوەندە جێگای ئیحراجبوون نییە بۆیە کاریگەریشی بۆ گۆڕینەکە بە ئاراستەیەکی لاوازە.

## ئاراستەی پۆزەتیڤ و ئاراستەی نێگەتیڤ :

ئاراستەی پۆزەتیڤ ئەو کاتە دروست دەبێت کە تاك لە بابەتێکی دیاریکراودا دووردەکەوێتەوە بەڵام بەو کارە لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگاکەی ڕێگە پێدراوەو پەسەندە بەڵام ئاراستەی نێگەتیڤ ئەوەیە کە تاك لەبابەتێکی دیاریکراو دووردەکەوێتەوە واتا هەموو ئەو شتانەی بەو بابەتە دیاریکراوە پەیوەستن ڕەتیدەکاتەوە دژییەتی دەکات .

## ڕاستکر دنەوەی ئاراستەکان :

ئاراستەکان توانای گۆڕینیان هەیە سەربارى ئەوەی هەندێکیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیر و چەسپاون پرۆسەی گۆڕین یان ڕاستکردنەوەی ئاراستەکان تەنیا بەوە دەبێت کە ئاراستەیەکی نوێ و بەمەبەست دەخەینە شوێنی ئاراستە کۆنەکە ڕاستکردنەوەی ئاراستەکان بەتایبەت ئەوانەی بەزەبری هێز ڕاستدەکرێنەوە و دەبنە ئاراستەیەکی دەستکەوتوو ئەمەش لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانییدا پرۆسەی ڕاستکردنەوەی بۆ دروست دەبێت بەڵام ڕاستکردنەوەی ئاراستەکانی لایەنە مەعریفییەکان ئەوەندە سەخت وئاڵۆز نین وەك لە ڕاستکردنەوەی ئاراستەکانی ویژدانی و مەیلگەراییدا هەیە کە تاڕادەیەك سەخت و وئاڵۆزن هەڵبەت پرۆسەی گۆڕینی ئاراستەکان لەئاما نجە سەرەکییەکانی هەوڵدانە بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە ڕووبەڕووی دبنەوە.

## ڕێگاکانی ڕاستکردنەوەی ئاراستەکان :-

### ١ – گۆڕینی کۆمەڵ ( جماعە ) کە تاك ئینتیمای بۆ کردووە :

کۆمەڵ کاریگەری لە دیاریکردن و دروست کردنی ئاراستەی تاك هەیە ئاساییە تاك ئاراستەکەی خۆی بگۆڕێت ئینتیمای بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە بکات .

## ٢- گۆڕینی دۆخی تاك :

تاك لە ژیاندا بە دۆخی جیا جیا ڕەت دە بێت هەر دۆخێکی زۆرترین گونجانی لەگەل دۆخە نوێیەکەی دروست دەکەن .

## ٣- گۆڕینی بە زۆر لە ڕەفتاردا :

هەندێك جار تاك لە گۆڕینی ئاراستەکەیدا زیانی پێدەگات لە ئە نجامی ئەو گۆڕینەی کەلەدۆخی ژیانیدا دروست بوە وەك دۆخی کار یان پیشە یان ماڵ و نیشتە جێبوون .

## ٤- ناسینی بابەتی ئاراستەکە :

پێویستە بۆ گۆڕین و ڕاستکردنەوەی ئاراستە بابەتی ئاراستە بزانرێ لەرووی چەندێتی و جۆریەوە ناوەندەکانی راگەیاندن و پرۆسەکانی ڕۆلێکی دیاریان هەیە لە گۆرینی ئاراستەکاندا .ا

## ٥- شارەزایی ڕاستەوخۆ لە بابەتەکە :

سروشتیە چاوەروانی زیاتر لە هەل بکەین بۆ گۆڕین و ڕاستکردنەوەی ئاما نجەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراو سەرەڕای ڕووبەڕووبونەوەی تاك لەو شارەزاییە ڕاستەوخۆیەی لە بابەتەکە هەیەتی .

## ٦- ڕێگای بڕیاردانی بە کۆمەڵ :

ئەمەیان بەهێزترین ڕێگایە بۆ گۆڕینی ئاراستەکان چونکە پێوەری تاکەکان کەمترین توانای بەرەنگاربوونەوەی هەیە بۆ گۆڕین .

## ٧- ڕێگای ڕۆڵ بینین :

پێویستە تاك ویستی بۆ گۆڕینی ئاراستەكانی ڕۆڵێكی جیاواز لە ئاراستەكەی ببینێت بۆ نمونە داوا لە جگەرە كێشەكان بكرێ ڕۆڵی نەكێشانی جگەرە ببینێت هەڵبستن بە پێشكەش كردنی نامەی قەناعەت پێكراو بۆ ئەوەی جگەرە كێشەكان ئیتر جگەرە نەكێشن .

**٨- كاریگەری زانیاری :**

باشترین ئامراز بۆ گۆڕینی ئاراستەكان گەیشتنە بە ڕاستیەكان یان زانیاری بەردەوام لە بابەتی ئاراستەكان بۆ تاك .

## ئاراستەكان و بۆماوەیی :

بۆچونێكی زانستی بڵاو هەیە كە ئاراستەكان وەرگیراون واتە دەستكەوتوون ئایا ئەمە بە ڕەهایی ڕاستە ؟ بۆ وە ڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بۆ ( ئاڕنستۆن ) دەبەین لەو لێكۆڵینەوەی لە سا ڵا نی نەوەدەكانی سەدەی بیستەم كردبوی ڕوونیدەكاتەوە كە ئاراستە كان پەیوەندیان بە بۆماوەیی هەیە .